کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

۴۷۱

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ۴۷۱ – پووشپەڕی – جولای ۲۰۲۵

## شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

## ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵکی کوردستان و کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی




## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

**شەپۆلی ئێعدامەکان و پەرەپێدانی سەرکوتی ڕژیمی داماوی کۆماری ئیسلامی**
**بە خەباتی یەکگرتووانە تێکبشکێنین**
**هیچ زیندانێک، هیچ ئێعدامێک، هیچ سەرکوتێک خەباتکاران لە ڕێبازی ئازادی و بەرابەری پاشگەز ناکات**



## بارودۆخی سیاسی ئێران لەدوای شەڕی دوازدە ڕۆژە !

## ژنان قوربانییانی سەرەکی شەڕی دەوڵەتانی سەرمایەداری

## پیرۆز بێت ۳۱ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە

## ڕاگەیاندنی سەرکەوتن لە شەڕدا، ئەوپەڕی بێشەرمی خامنەییە

### سەروتار

## شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

## داکۆکیکاری ڕاستەقینەی مافە سەرەتاییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان وەک هێزێکی لێبڕاو لە خەبات بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی جنایەتکاری ئیسلامی، لە بەرامبەر پڕۆژەی حیزب و هێزە ناسیۆنالیست و ئیسلامییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕاپەڕینی جەماوەر لە شارەکانی کوردستان و زەوتکردنی دەسەڵات لە دەورەی ڕاگوزەر و ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی پارلەمان کە ئەم حیزب و هێزانە هەر لە ئێستاوە مەوعیزەی بۆ دەکەن، نیزامی شۆرایی بە باشترین و دەستەبەرترین ئامرازی بەشداری هەموو تاکەکانی خەڵک وەک داڕێژەر و جێبەجێکاری یاسا لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دەزانێ. بە باوەڕی شۆرای هاوکاری، لە بارودۆخێکدا کە پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی، پەرەسەندنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە هەموو کاتێک پەیوەندی پەرەپێداوە و ئیمکانی دەستڕاگەیشن بە زانیاری لە هەموو بوارەکاندا بۆ هەمووان دابین کردووە، نیزامی شۆرایی بابەتی بەشداری ڕاستەوخۆی کرێکاران و زەحمەتکێشان و جەماوەری ستەملێکراوی کوردستانی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا زیاتر لە ڕابردوو ئاسان کردووتەوە. ئیدارەی شۆرایی کۆمەڵگا دەتوانێ لە دامەزرانی سیستەمێکی بوروکراتیک کە دیسان بکەوێتە سەر سەری خەڵک و ئەوان بکاتە تەماشاچی بێدەسەڵاتی گۆڕەپانی سیاسەت، ڕێگری بکات. خەڵک لە نیزامی شۆراییدا هەم داڕێژەر و هەم بەڕێوەبەری یاسان. لەم نیزامە حکوومەتییەدا هەموو کاربەدەستانی ئیداری و سیاسی و قەزایی لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و هەرکات زۆرینەی دەنگدەران بڕیار بدەن، دەتوانن لەسەر کار لایانبەرن.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان دەمێکە بەشە سەرەکییەکانی مافە سەرەتاییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاندووە و لێبڕاوانە بۆیان خەبات دەکات

لە کوردستانی ئازادکراو هەموو ئەو یاسا و ناوەندانەی کە هێما یان پارێزەری ستەمی نەتەوەیین هەڵدەوەشێنەوە و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان بەمانای ئازادی جیابوونەوە لە ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، بەڕەسمی دەناسرێت. دەسەڵاتی شۆرایی وێڕای تەئکید لەسەر هاوپشتی و هاوچارەنووسی خەباتی خەڵکی کوردستان لەگەڵ خەڵکی سەرانسەری ئێران، هەموو مەرج و پێداویستییەکانی ڕێفراندۆمێکی ئازاد و دێموکراتیک بۆ کەڵک وەرگرتنی وشیارانەی خەڵکی کوردستان لەم مافە دابین و زەمانەت دەکات. ئەگەر سەرەڕای دابینکرانی کردەوەیی و ڕاستەقینەی پێداویستییەکانی سەرەوە، خەڵکی کوردستان ئازادانە بڕیاریان دا کە لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا بمێننەوە، ئەوکات مافی یەکسانی خەڵکی کوردستان لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئیداری کۆمەڵگا دابین و زەمانەت دەکرێت

ئازادی بێشەرت و مەرجی سیاسی، ئازادی بیر و باوەڕ و تەبلیغ کردنی، ئازادی ڕادەربڕین و چاپەمەنی، ئازادی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوە، خۆپیشاندان، مانگرتن، ئازادی پێکهێنانی ئەحزاب و چالاکی سیاسی، پێکهێنانی شۆرا، سەندیکا و هەر جۆرە ڕێکخراوێکی پیشەیی و سیاسی و جەماوەری. دابینکردنی ئیمکانی دەستڕاگەیشتنی گشتی بە میدیاکان، بڵاوکراوە و چاپەمەنی، کەناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە سانسۆڕێک

زەمانەتکردنی گوزەران و خۆشبژێوی هەموو هاووڵاتییان بەپێی ستانداردەکانی دنیای ئەمڕۆ لەلایەن دەسەڵاتی شۆرایی لە کوردستان، دابینکردنی بیمەی بێکاری بۆ هەموو کەسانی ئامادە بە کاری باڵای ٦١ساڵ و سەرجەم ئەو کەسانەی کە بە هۆکاری جەستەیی یان دەروونی توانای کارکردنیان نییە. زەمانەتکردنی پەروەردە و تەندروستی بەخۆڕایی بۆ هاووڵاتییان، دابین و زەمانەتکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، دابینکردنی ژیان و ڕەفاهی کەمئەندامان و فەراهەمکردنی ئیمکاناتی پێویست بۆ سەلماندن و نیشاندانی توانای کۆمەڵایەتییان لەلایەن دەوڵەت، دابینکردنی ژیان و گوزەرانی بەساڵاچووان و دابینکردنی شوێنی گشتی و گونجاو بۆ ئاگالێبوونیان

جیایی کامڵی دین لە دەوڵەت و پەروەردە. هەڵوەشاندنەوەی هەموو یاسا ئایینییەکان، هەڵوەشاندنەوەی ناوەند و دامەزراوە مەزهەبییە حکوومەتییەکان. هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە هەڵاواردنێک لە پیشەکانی دەوڵەت و مافی تاکەکان بەپێی باوەڕمەندبوون یان نەبوونیان بە مەزهەب. هەڵوەشاندنەوەی یارمەتی ماڵی و غەیری ماڵی حکوومەتی شۆرایی بە چالاکی و دامەزراوە مەزهەبییەکان. هیچ ئایینێک لە کوردستان بە ئایینی ڕەسمی ناناسرێت. دین و مەزهەب بابەتی خسووسی تاکەکان دەبێت. هەموو کەس لە کوردستان لە پەیڕەو کردن یان نەکردنی هەر مەزهەبێکدا ئازادە

هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن و ستەمی ڕەگەزی لەڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی نیزامی ئاپارتایدی ڕەگەزی، هەڵوەشاندنەوەی هەموو یاسایەکی دژەژن و پارێزەری هەڵاواردن. ڕاگەیاندن و بەکردەوە دەرهێنانی بەرابەری کامڵی ژنان لەگەڵ پیاوان لە





هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتووری و بنەماڵەیی. ژنان لە هەڵبژاردنی جلوبەرگدا ئازادن و هەر جۆرە شەرت و مەرجێکی فەرمی یان زمنی بۆ پۆششی ئەوان قەدەغەیە. هەڵوەشاندنەوەی بێ شەرت و مەرجی یاسا و فۆرمەکانی هەڵاواردن دژبە ئاراستە جنسی و جنسییەتییەکان. بەڕەسمی ناسینی کۆمەڵگەی پەلکەزێڕینەکان. بێ تاوان پێناسەکردنی هەموو ئاراستە جنسیەتییەکان و پابەندبوونی بێ شەرت و مەرج بە هەموو مافەکانی ژنان لەئاست جەستە و چارەنووسی خۆیان

مافی دەنگدانی گشتی، یەکسان، ڕاستەوخۆ و نهێنی بۆ هەموو کەسانی سەرووی ١٦ ساڵ بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، ئایین، نەتەوە و بیروباوەڕی سیاسی. مافی هەر تاکێکی سەرووی ١٨ ساڵ بۆ هەڵبژێردران لە هەر ناوەند و ئۆرگانێکی نوێنەرایەتی. یەکسانی کامڵی مافە یاساییەکانی هەموو تاکەکان لە کوردستان بە بێ لەبەرچاوگرتنی نەتەوە، ئایین، مەرام و باوەڕی سیاسی ئەوان. زمانی کوردی بەڕەسمی لە خوێندنگا و زانکۆکانی کوردستاندا دەوترێتەوە و لە ئیداراتی دەوڵەتی و دامەزراوە کلتووری و هونەری و میدیاکاندا بەکار دەهێندرێت. لە کوردستانی ئازادکراودا پەنابەرانی سیاسی بە بێ شەرت و مەرج وەردەگیرێن. هەر کرێکارێکی کۆچبەر و یان هەر پەنابەرێک لە مافی کامڵ و بەرابەر لەگەڵ باقی دانیشتووان بەهرەمەند دەبێت

قەدەغەکردنی کاری پیشەیی بۆ منداڵانی ژێر تەمەنی ٨١ ساڵ. زەمانەتکردنی بەهرەمەندبوونی هەموو منداڵان لە پەروەردە و تەندروستی بەخۆڕایی و دابینکردنی سامەت و شادی و پێکهێنانی بارودۆخی گونجاو بۆ گەشە و پشکووتنی تواناکانیان. بەتاوان پێناسەکردنی هەرجۆرە تەعەڕوز و دەستدرێژی سێکسی بۆسەر منداڵان و پاراستنی منداڵان لەلایەن حکوومەتی شۆرایی لە کوردستان. منداڵان بە بێ لەبەرچاوگرتنی لەدایکبوونیان بەر لە هاوسەرگیری یان دوای هاوسەرگیری، پێویستە بەتەواوی لە مافی یەکسان بەهرەمەند بن

کەمکردنەوەی ماوەی کاری هەفتانە بەلانیزۆرەوە بۆ ٣٥ سەعات و دیاریکردنی لانیکەم دوو ڕۆژ پشووی بەردەوام لە هەفتەدا. دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەستی ڕەسمی بە ڕەزایەتی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کرێکاران بەپێی تێچووی دابینکردنی ژیانێکی خۆشبژێو و ئینسانی و بردنەسەری بەپێی ڕێژەی ڕاستەقینەی هەڵاوسان. ڕێگریکردن لە دەرکردنی کرێکاران لەلایەن خاوەنکارەوە. قەدەغەکردنی شەوکاری لە هەموو شوێنێک، بێجگەلە ئەو شوێنانەی کە بەهۆکاری تەکنیکی یان ڕەفاهی کۆمەڵایەتی، شەوکاری تێیاندا بابەتێکی پێویستە. زەمانەتکردنی ئیمەنی و سلامەتی شوێنی کار و هێنانەخواری مەترسییەکانی شوێنی کار بۆ کەمترین ئاست، بیمەی کامڵی کرێکاران لە بەرابەر زیان و خەساراتی سەرچاوەگرتوو لە کار. حەقدەستی بەرابەر بۆ ژنان و پیاوان لە بەرامبەر کاری یەکسان. پێکهێنانی هەیئەتەکانی لێکۆڵینەوەی کرێکاری، کە لەلایەن کرێکارانەوە هەڵدەبژێردرێن

دادوەر و دادگا و سیستەمی دادوەری دەبێت لەڕووی یاساییەوە سەربەخۆ بن. بنەما لە هەموو دادگاییکردنەکاندا بێتاوانبوونی تۆمەتبارە. بەهرەمەندبوون لە ئیمکاناتی بەدواداچوون و موحاکمەی دادپەروەرانە و هەبوونی پارێزەر مافی هەموو تاکێکە. هەر جۆرە ئەشکەنجە، ترساندن، سووکایەتی پێکردن، گوشاری دەروونی و فکری بۆسەر تاکەکان قەدەغەیە و سەرپێچی کردن لێی بەتاوان هەژمار دەکرێت. هەرجۆرە دانپێدانانێکی زۆرەملێ بێ ئیعتبارە

مافی ژیان سەرەکیترین مافی ئینسانە. سزای سێدارە و زیندانی هەتاهەتایی لە هەموو بارودۆخێکدا قەدەغەیە. ئینسانەکان پێویستە لە هەر جۆرە دەستدرێژییەکی جەستەیی و دەروونی پارێزراو بن

هەموو بەندکراوانی سیاسی و عەقیدەتی پێویستە دەستبەجێ و بە بێ شەرت و مەرج ئازاد بکرێن و بە تاوان زانینی چالاکی سیاسی پێویستە قەدەغە ڕاگەیەندرێت

بڕیاردەران و ئەنجامدەرانی سەرکوت و ئەزیەت و ئازاری خەڵک پێویستە دەستگیر بکرێن و لە دادگای گشتیدا موحاکمە بکرێن

ڕێگریکردن لە تێکدان و لەناوبردنی ژینگە و ڕێوشوێنی دەستبەجێ و بەرنامەی درێژخایەن بۆ پاراستنی ژینگە و سەرچاوە گرنگەکانی ئاو و خاک و هەوای سالم

دەسەڵاتی شۆرایی خەڵکی کوردستان پشتیوانی لە بزووتنەوەی کرێکاری، سۆسیالیستی و ئازادیخوازانە لە سەرانسەری جیهان و پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی کوردستان لە بەشەکانی دیکە بۆ ئازادی و ڕزگاری لە ستەمی نەتەوەیی بە ئەرکی خۆی دەزانێت




گرتنە ئیختیاری سەرجەم دامەزراوە سەنعەتی و بازرگانییەکانی سەربە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی. گرتنە ئیختیاری مەوقوفات و سەپاندنی ماڵیاتی تەساعودی بەسەر میرات و دارایی و داهاتەکانی بەدەستهاتوو لە خاوەندارییەتی بەسەر ئامرازی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕ. چاوەدێریی شۆرا دێموکراتیکەکانی خەڵک بەسەر بابەتی دابەشکردنی کاڵاکان

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان هەوڵ دەدات هەموو خواستەکان، ماف و ئازادییەکانی خەڵک کە بەشێکی لە مەنشووری سەرەوەدا هاتووە بکرێنە بنەمایەک بۆ داڕشتنی یاسای بنەڕەتی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە هەڵکردنی ئاڵای داخوازی ئازادیخوازانە و بەرابەری تەڵەبانەی خەڵکی کوردستان و بە یەکگرتوویی و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران، بزووتنەوەی ڕزگاری ژن و هەموو بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵک لە سەرانسەری ئێران، بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی دەسەڵاتی شۆرایی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بێبەشان و بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرابەر کە تێیدا سەروەت و سەرچاوە دەوڵەمەندە سرووشتییەکان لە خزمەت خۆشبژێوی گشتیدا بن، خەبات دەکات. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان مەرجی پێشڕەوی و زامنی سەرکەوتنی خۆی لە یەکگرتوویی و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە سەرتاسەری ئێراندا دەبینێت

❋❋❋

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

# شەپۆلی ئێعدامەکان و پەرەپێدانی سەرکوتی ڕژیمی داماوی کۆماری ئیسلامی بە خەباتی یەکگرتووانە تێکبشکێنین

## هیچ زیندانێک، هیچ ئێعدامێک، هیچ سەرکوتێک
## خەباتکاران لە ڕێبازی ئازادی و بەرابەری پاشگەز ناکات

لەماوەی حەفتە و ڕۆژانی ڕابردوودا، ئێران بووەتە مەیدانی یەکێک لە بەرینترین شەپۆلەکانی سەرکوت و گرتن و ئێعدام. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان، تەنیا لەماوەی دوو حەفتەی ڕابردوودا، زیاتر لە ٧٣٤ کەس لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران و ٢٤ کەس بە تۆمەتی جاسووسی بۆ ئیسرائیل، دەستبەسەرکراون و تەنیا لە مانگی جۆزەردانددا زیاتر لە ١٤٠ بەندکراو ئێعدام کراون

ئەم کارەساتانە لە بارودۆخێکدا ڕوو دەدات کە دوای ئاگربەستی لاوازی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئیسرائیل، شەپۆلێکی نوێ لە تۆڵەسەندنەوە و سەرکوت لە سەرتاسەری ئێران دەستپێکردووە. بەهۆی هێرشی مووشەکی ئیسرائیل بۆسەر زیندانی ئێڤین، ٧٩ بەندکراو و هاووڵاتی بێدیفاع گیانیان لەدەستدا و چارەنووسی زۆرێک لە بەندکراوانی سیاسی و عەقیدەتی هەروا نادیارە. بەدوای ئەم هێرشەدا، سەدان ژنی بەندکراو ڕەوانەی زیندانی "قرچەکی وەرامین" و پیاوانی بەندکراو ڕەوانەی "زیندانی گەورەی تارانی" کراون. ڕاگواستنێکی زۆرەملی، نامرۆڤانە، وێڕای زیاتر کردنی بەربەستی تەندروستی و ئەمنیەتی

ئەگەرچی دەسەڵاتی نگریسی کۆماری ئیسلامی بەدرێژایی تەمەنی لە سەرکوت و ئێعدام و دوورخستنەوەی نەیارانیدا بەردەوام بووە و هەر دەنگێکی ناڕەزایەتی بە سەرکوت و زیندان و تەنافی سێدارە وڵام داوەتەوە. بەڵام ئەمڕۆ، ئەم سەرکوتانە بووەتە تەنیا تاکتیکی مانەوەی ڕژیم. ئێعدامی بەکۆمەڵ، دادگایی فەرمایشی کردن، ئەشکەنجە و هەڵسووکەوتی نامرۆڤانە بەرانبەر بەندکراوانی سیاسی و دوورخستنەوەیان بۆ ئەو زیندانانەی بارودۆخێکی یەکجار دژوار و تاقەتپڕووکێنیان هەیە، نیشانەی ڕوونی دەسەڵاتێکە کە بەرەو روخان دەڕوات. حکوومەتێک کە دەستی لە "میحوەری موقاومەت"ەکەی کورت بووەتەوە، لە بەرامبەر قەیرانی چەند لایەنەی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بێتوانایە، لە شەڕی کۆنەپەرستانە لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکادا دۆڕاوە، ئێستا دەیهەوێ تۆڵەکەی لە خەڵک و چالاکانی سیاسی بکاتەوە. چونکە ڕاگرتنی دەسەڵات تەنیا لە ترساندن و توندوتیژیدا دەبینێت. غافڵ لەوەیکە ئێستا دیەی شەست نییە، کە لە بێدەنگیدا هەزاران بەندکراوی سیاسی ئێعدام کرد. ئێستا زیندانەکانیشی بووەنەتە گۆڕەپانی خەبات و خۆڕاگری و بێگومان تاکتیکی سەرکوتەکەشی ئاکامێکی نابێت. خەبات و مانگرتنی بەندکراوان لە "کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدم" لە ٤٧ زیندانی ئێران، یەکێک لە نموونەکانە

"زیندانی قرچەکی وەرامین" ئەمڕۆ هێمای بەرچاوی ستەمی دوولایەنە بەرامبەر بە ژنانە. زیاتر لە هەزار ژن لە ژووری بەرتەنگ و پیس و پڕ لە توندوتیژیدا، بە بێ دەستڕاگەیشتنیان بە سەرەتاییترین مافی ئینسانی، ساڵەهایە بەناهەق ڕەنج دەکێشن! زۆرێک لە ژنان قوربانی هەژاری، هەڵاواردن و توندوتیژی پێکهاتەیین. چەوساندنەوەی جنسی، بێگاری، بێڕێزی بەردەوام و بارودۆخی نامرۆڤانە، بووەتە ژیانی هەمیشەییان. ئەمڕۆ، ژنانی تێکۆشەر و بەندکراوانی سیاسیش بۆ ئەم جەهەنەمە زەمینییە دوورخراونەتەوە. بەڵام ڕەنجی ئەوان، لە ڕەنجی




لەبیرنەکراوی "قرچەک" جیا نییە. هەروەک بەندکراوانی سیاسی ڕایانگەیاند: " هیچ زیندانێک، هیچ ئێعدامێک، هیچ سەرکوتێک، خەباتکاران لە ڕێبازی ئازادی و بەرابەری پاشگەز ناکات. ئەم ڕێبازە، ڕێبازێکی خوێناوی و دژوارە، بەڵام ڕێبازی ئێمەیە. ئەو ڕێبازەی بە خەبات و خۆڕاگری هەزاران تێکۆشەر و گیانبەختکردوو هەتا ئێستا بەردەوام بووە و هەتا لەناوبردنی یەکجاری دیکتاتۆری و چەوسانەوە درێژەی دەبێت. باش دەزانین کە هیچ ڕێگایەک بۆ ڕزگاری بێجگەلە خەباتی کۆمەڵایەتی بوونی نییە. ئێمە دەنگی بێدەنگانین، دەنگی ڕەنجێکین کە بەکۆمەڵە و ڕزگاربوون لێشی تەنیا بەکۆمەڵ دەکرێت."

با دەنگی بەندکراوانی سیاسی بین و بوار بۆ ڕژیمی داماو و لاوازتر لە هەمیشە، بەرتەسکتر بکەینەوە. ئەم مەیدانە، کە بواری هاوبەشی هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێرانە، یەکێک لە ئاڵقەکانی هاوپشتی و یەکگرتوویی ئەم بزووتنەوانەیە. لە بارودۆخی ئێستادا تەنیا بە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لە بەرامبەر

زیندانەکان لە سەرتاسەری ئێران و بەتەنیا نەهێشتنەوەی بنەماڵەی بەندکراوانی مەحکووم بە ئێعدام لەم کەمپەینە، بە بەرزکردنەوەی ئاڵای خەبات لەدژی سزای ئێعدام و خواستی ئازادی بەندکراوانی سیاسی لە نارەزایەتییەکانی کرێکاران، موعەلیمان، خانەنشینان و خوێندکاران و بە بەرێوەبردنی هەڵمەتی سیاسی و تەبلیغی لە دەرەوەی وڵات، لەدژی سزای ئێعدام و بۆ ئازادی بەندکراوانی




سیاسی، دەتوانین ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی شەپۆلی ئێعدامەکان و لە زیندانی کردنی تێکۆشەرانی سیاسی و چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ناچار بە پاشەکشە بکەین. هاودەنگ لەگەڵ بەندکراوانی سیاسی و کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام" لەدژی ئەم تاوانە ڕێکخراوە دەوڵەتییە و لەدژی ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە ڕاپەڕین!

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

١٠ی جۆزەردانی ١٤٠٤ی هەتاوی / یەکی جولای ٢٠٢٥ی زایینی

❊❊❊

**بو بینینی راستەوخۆی تەلەڤیزیۆنی ئالتێرناتیڤی شورایی -کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە بکەن:**

alternative-shorai.tv

## شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

## ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵکی کوردستان و کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان لە بەرامبەر پرۆژەی حیزب و هێزە ناسیۆنالیست و ئیسلامییەکان بۆ دەسەڵاتداریەتی لە دەورەی گوزار و نیزامی پەرلەمانی کە ئەم حیزب و هێزانە مەوعیزەی بۆ دەکەن، نیزامی شۆرایی بە باشترین و دەستەبەرترین ئامرازی بەشداری هەموو تاکەکانی خەڵک وەک داڕێژەر و جێبەجێکاری یاسا لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دەزانێ. بە باوەڕی شۆرای هاوکاری، لە بارودۆخێکدا کە پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی، پەرەسەندنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە هەموو کاتێک پەیوەندی پەرەپێداوە و ئیمکانی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری لە هەموو بوارەکاندا بۆ هەمووان دابین کردووە، نیزامی شۆرایی بابەتی بەشداری ڕاستەوخۆی کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای زیاتر لە ڕابردوو ئاسان کردووەتەوە. ئیدارەی شۆرایی کۆمەڵگا دەتوانێ لە دامەزرانی سیستەمێکی بوروکراتیک کە دیسان بکەوێتە سەرەوەی خەڵک و ئەوان بکاتە تەماشاچی بێدەسەڵاتی گۆڕەپانی سیاسەت، ڕێگری بکات. خەڵک لە نیزامی شۆراییدا هەم داڕێژەر و هەم بەڕێوەبەری یاسان. لەم نیزامە حکوومەتییەدا هەموو کاربەدەستانی ئیداری و سیاسی و قەزایی لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و هەرکات زۆرینەی دەنگدەران بڕیار بدەن، دەتوانن لەسەر کار لایانبەرن

دەسەڵاتی شۆرایی پێکهاتەیەکی هێرەمی هەیە و پێکهاتووە لە : شۆراکانی گەڕەکەکان، شۆراکانی شار، شۆراکانی ناوچە و کۆنگرەی سەرانسەری شۆراکان وەک باڵاترین ئۆرگانی دەسەڵاتی خەڵک لە کوردستان. کۆنگرەی سەرانسەری شۆراکان هەم داڕێژەری یاسایە و هەم باڵاترین ناوەندە دەوڵەتییەکان بۆ ئەرکی جێبەجێکردن ڕێکدەخات و بەسەر چالاکییەکانیاندا چاوەدێری دەکات

لە دەسەڵاتی شۆراییدا سیستەمی دادوەری و قەزایی بە تەواوی لە سیستەمی جێبەجێکار سەربەخۆ دەبێت. قازییەکان و هەموو کاربەدەستانی قەزایی لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و هەرکات زۆرینەی دەنگدەران ئیرادەیان کرد دەتوانن لەسەر کار لایانبەرن. هەموو دادگا تایبەتەکان هەڵدەوەشێنەوە و سەرجەم موحاکمە عەلەنییەکان بە بەشداری هەیئەتی ژووری بەڕێوەدەچێت. حکوومەتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان، ئەحزابی سیاسی تەنها لەرێگەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی شۆراکان لەئاستە جۆراوجۆرەکاندا دەتوانن لە ئۆرگانەکانی ئیدارە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و لە دەسەڵاتی سیاسیدا بەشدار بن

لە ژێر دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان، ئەرتەش، سپای پاسداران وسەر سەرجەم ئۆرگانەکانی ئیتلاعاتی و ئەمنیەتی و نیزامی کۆماری ئیسلامی هەڵدەوەشێتەوە و ڕێکخراوێکی چەکداری جەماوەری لەژێر فەرمانی کۆنگرەی سەرتاسەری شۆراکان پێکدێت. ئەم ڕێکخراوە چەکدارە جەماوەرییە لە کوردستان بە فەرماندەیی کۆنگرەی سەرتاسەریی شۆراکان کاروباری پەیوەندیدار بە بەرگری لە دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستانی لە بەرامبەر هێرشی دەوڵەتی مەرکەزی یان هەر هێزێکی دیکە وەئەستۆ دەبێت. ئەم هێزە مافی دەستوەردانی لە کاروباری ناوخۆی کوردستاندا نابێت.



ئینتزاماتی ناوخۆیی کوردستان لەلایەن هێزێکەوە دابین دەکرێ کە لەلایەن باڵاترین ناوەندی دەوڵەتی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سەرانسەری شۆراکانەوە سازمان دەدرێ و کۆنگرە بەسەر چالاکییەکانیدا چاوەدێری دەکات

دەەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان کۆتایی بە ستەمی نەتەوایەتی لە کوردستان دەهێنێت.

- بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە ستەمی نەتەوەیی چ لە سەردەمی ڕژیمەکانی پاشایەتی و چ لە سەردەمی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی وێڕای وەحشیانەترین شێوەکانی سەرکوت بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپێندراوە. لەم ڕووەوە لە کوردستانی ئازادکراو هەموو ئەو یاسا و ناوەندانەی کە هێما یان پارێزەری ستەمی نەتەوەیین هەڵدەوەشێنەوە و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان بەمانای ئازادی جیابوونەوە لە ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، بەڕەسمی دەناسرێت. دەسەڵاتی شۆرایی وێڕای تەئکید لەسەر هاوپشتی و هاوچارەنووسی خەباتی خەڵکی کوردستان لەگەڵ خەڵکی سەرانسەری ئێران، هەموو مەرج و پێداویستییەکانی ڕێفراندۆمێکی ئازاد و دێموکراتیک بۆ کەڵک وەرگرتنی وشیارانەی خەڵکی کوردستان لەم مافە دابین و زەمانەت دەکات

- ئەگەر سەرەڕای دابینکرانی کردەوەیی و ڕاستەقینەی پێداویستییەکانی سەرەوە، خەڵکی کوردستان

شۆرای هاوکاری
هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

ئازادانە بریاریان دا کە لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا بمیننەوە، ئەوکات مافی یەکسانی خەڵکی کوردستان لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئیداریی کۆمەڵگا دابین و زەمانەت دەکرێت

- لە دەسەڵاتی شۆرایی کوردستان هەموو خەڵکی دانیشتووی ناوچەکان بە بێ لەبەرچاوگرتنی نەتەوە، ڕەگەز و ئایین لە هەموو ئاستەکاندا، لە نیزامی سیاسی و یاسادانان، بەڕێوەبەری و قەزایی کوردستاندا بەشدار دەبن و بە بێ هیچ جۆرە هەڵاواردنێک لەگەڵ هەموو خەڵکی دانیشتووی کوردستان مافی یەکسانیان دەبێت

- ئێمە هەروەها ڕایدەگەیەنین کە گەڵاڵەی فێدرالیسم بۆ دیاریکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی نەتەنها یارمەتیدەری نەمانی ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان نابێت، بەڵکوو ئەم ستەمە جێ دەخات و تەفرەقە و چەند دەستەیی پەرەپێدەدات

- دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان هەرجۆرە سات و سەودای دەوڵەتی ناوەندی لەگەڵ هێزە خۆجێییەکان سەبارەت بە ئارایشی سیاسی کوردستان بە نایاسایی و نادروست دەزانێت. یەکلاییکردنەوەی هەر گەڵاڵەیەک سەبارەت بە شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای کوردستان و شێوازی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لەڕێگەی دەنگدانی گشتی خەڵکی کوردستانەوە بەڕێوەدەچێت

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان هەوڵ دەدات هەموو خواستەکان، ماف و ئازادییەکانی خەڵک کە نەمانی ستەمی نەتەوایەتی یەکێک لەوانە، بکرێنە بنەمایەک بۆ داڕشتنی یاسای بنەڕەتی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە هەڵکردنی ئاڵای داخوازییەکانی سەرەوە و بە یەکگرتوویی و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران، بزووتنەوەی ڕزگاری ژن و هەموو بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵک لە سەرانسەری ئێران، بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی دەسەڵاتی شۆرایی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بێبەشان و بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرابەر کە تێیدا سەروەت و سەرچاوە دەوڵەمەندە سرووشتییەکان لە خزمەت خۆشبژێوی گشتیدا بن، خەبات دەکات. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان مەرجی بەرەوپێشچوون و زەمانەتکردنی سەرکەوتنی خۆی لە یەکگرتوویی لەگەڵ بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و لە یەکگرتوویی لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە سەرتاسەری ئێراندا دەبینێت

❊❊❊

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

# بارودۆخی سیاسی ئێران لەدوای شەڕی دوازدە ڕۆژە !

بە فەرمانی ترامپ شەڕی ئیسرائیل و ڕژیمی ئیسلامی کە لە ٢٣ی مانگی جۆزەردانەوە بە هێرشی ئیسرائیل دەستیپێکردبوو، ڕاگیرا. ئەم شەڕە دەستیپێکرد تا ڕێگاچارەیەک بۆ پرسیارە وڵامنەدراوەکانی ئاژانسی ئەتۆمی و مەرجەکانی تەسلیمبوونی ڕژیمی ئیسلامی بە ئەمریکا کە خامنەیی بە ئاشتی داسەپاو و قەبووڵنەکراو وەسفی کردبوو، بدۆزێتەوە. چونکە هیچ ئاسۆیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەڕێگەی دانوستانی ڕژیمی ئیسلامی لەگەڵ ئاژانس، سێ وڵاتی ئورووپایی و پێنج قۆناغی دانوستان لەگەڵ ترامپ نەدەبیندرا. ئەم ئاگربەستە ناسەقامگیرە. چونکە هێشتا بنەماکانی ڕێککەوتنی ئاگربەستی عەلەنی لەگەڵ ئەمریکا بڵاونەکراوەوە تا بتوانین کاریگەرییەکانی شەڕ لەسەر ئاستی پاشەکشەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ببینین و هەڵیسەنگێنین

هەر دوو لایەنی هەر شەڕێک لە کاتی ئاگربەستدا برینەکانیان چاک دەکەنەوە و چارەسەری خاڵە لاوازەکانیان دەکەن بۆ ئەوەی باشتر ئامادەبن بۆ ئەگەری دەستپێکردنەوەی شەڕ. توانایی هەر لایەنێکی شەڕ لە ئامادەبوونی بۆ دەسپێکردنەوەی دووبارەی شەڕ، دەبێتە بنەما لە دانوستانەکاندا. بوونی کەلێن و بۆشایی گەورە لە نێوان خەڵکی ئێران و ڕژیمی ئیسلامی لەماوەی ئەم شەڕەدا، تێکشکانی ستراتێژی پێشگیرانە کە لەسەر بنەمای هەڕەشەی ئەتۆمی، مووشەکی بالسیتیک و هێزە نیابەتییەکان دامەزرابوو، نفووزی ڕێکخراوە ئەمنییەکانی دەوڵەتانی دیکە بەتایبەت ئیسرائیل لە باڵاترین ناوەندەکانی ڕژیمی ئیسلامی و بێتوانایی بەرچاوی ڕژیم لە دیفاع لە ئاسمانی وڵات، چەند نموونە خاڵی لاوازی گەورەیە کە لە کورتماوەدا ناتوانێ بەسەریاندا زاڵ بێت. لەم ڕووەوە ڕژیمی ئیسلامی لە دانوستان لەسەر ناوەرۆکی ئاگربەست، لە بەرامبەر هەر هەڕەشەیەک بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ، یەکجار زیانهەڵگرە

ئاستی پاشەکشە و تەسلیمی ڕژیمی ئیسلامی لەوانەیە ببێتە سەرچاوەی ناکۆکی و کێشەی گەروە لە باڵاترین ئاستی دەسەڵاتدا. بەڵام مادام خامنەیی کۆنترۆڵی دۆخەکەی لەدەستدایە، ناکۆکی باڵەکان نابێتە دوو بەرەی دژبە یەک. بەڵکوو هەموویان لەدژی خەڵک و لەپێناو پاراستنی نیزامەکەیان، وەک یەک هەڵسووکەوت دەکەن

ڕژیمی ئیسلامی و فاشیستە سەڵتەنەتخوازەکان و ڕەزا پەهلەوی و هەموو ئەو ڕەوتانەی کە لە لایەنێکی ئەو شەڕە کۆنەپەرستانەیە دیفاعیان کرد، لە دۆڕاوەکانی ئەم شەڕە دوازدە ڕۆژە بوون. فاشیستە سەڵتەنەتخوازەکان لایەنێکی ئەم شەڕە بوون بەڵام نەیانتوانی ئەرکی خۆیان لە هێنانە مەیدانی خەڵکی ئێران وەک هێزی زەمینی ئەمریکا و ئیسرائیل بەجێبێنن. میللی مەزهەبییەکان، بەشێک لە لیبڕاڵەکان و کۆماریخوازانیش فاسلەی خۆیان لەگەڵ ڕژیمی ئیسلامی کەم کردەوە و لە لایەنێکی ئەم شەڕە دیفاعیان کرد. سۆسالیستەکانی ئێران بەگشتی، وە ڕێکخراوەکانی ئێستای بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و چینایەتیەکانی ئێران فاسلەی خۆیان لەگەڵ هەر دوو لایەنی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە پاراست و یەکڕیزی خۆیان لەدەست نەدا. لەناو گشت ئۆپۆزیسیۆندا، سۆسیالیستەکان و بنکە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکەیان لە پێگەیەکی باشتردان بۆ درێژەدانی خەباتیان لەڕاستای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئێران کە لە مانگی بەفرانباری ٩٦ەوە دەستیپێکرد و بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی ئیسلامی چالاکی دەکات




کۆماری ئیسلامی بە شکستە یەک لە دوای یەکەکانی لە بواری جیهانی و ناوچەیی و بێتوانایی لە دابینکردنی لانیکەم پێداویستییەکانی کۆمەڵگا، لە بارودۆخێکی لاواز و ناسەقامگیردایە و لە ترسی پەرەسەندنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە، سیاسەتی سەرکوتی لە ماوەی شەڕدا پەرەپێدا و ئێستاش بە دەستگیری و ئەشکەنجە و ئێعدامەکان، توندتری کردووەتەوە. بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پێکهێنانی کەشوهەوای گۆڕستانی دەبێتە ئەولەوییەتی چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری و هەموو بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەوتە چەپ و کۆمۆنیستەکان. درێژەی شکڵ گرتنی هاوپشتی جەماەری لە ماوەی شەڕدا کە نیشانەی پێگەیشتوویی کۆمەڵگا و بەستێنەکانی یەکڕیزی و یەکگرتوویی لەئاستی خوارەوەی کۆمەڵگادایە، زەمینەی گونجاوتر بۆ داهێنان و هاوپشتی لەدژی سەرکوت فەراهەم دەکات

**بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداری کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**

٤ی پووشپەڕی ١٤٠٤ی هەتاوی

٢٥ی ژوئەنی ٢٠٢٥ی زایینی

واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری - حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کاریگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلییەت

❊❊❊

# ژنان قوربانییانی سەرەکی شەڕی دەوڵەتانی سەرمایەداری

لە مێژووی هاوچەرخدا شەڕ وەک یەکێک لە توندوتیژترین ئامرازەکانی هەژموونی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی، ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە بەرهەمهێنانەوەی نەزمی نایەکسانی چینایەتی و ڕەگەزیدا گێڕاوە. ئەزموونی ژنان لە میانەی شەڕی دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری، بۆ نموونە هەر ئەم شەڕەی ئیسرائیل و ئێران لەم دواییەدا، تەنیا بەشێک لە ڕەوتی جیهانی چەوساندنەوە، نابوودی و توندوتیژی پێکهاتەیی نیشان دەدات. لە هەر شەڕێکدا، پەیوەندی قووڵی نێوان بەرژوەندی سەرمایەداری، سوڵتەی چینایەتی و توندوتیژی جنسیەتی بەدی دەکرێت.



دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان، بەتایبەت ئەمریکا، بۆ سەقامگیرکردنی هەژمۆنی ئابووری و سیاسی خۆی، بەردەوام لە شەڕ، لەشکرکەشی نیزامی و ڕێکخستنی کودەتا کەڵکی وەرگرتووە. ئیسرائیل وەک باسکی نیزامی ئەمریکا و دەوڵەتە سەرمایەدارییەکانی ئورووپا بە پشت بەستن بە پشتیوانی نیزامی ئەوان و بە جەنایەتی جەنگی و نەسلکوژی نەتەنیا ژێرخانی ئابووری، خزمەتگوزاری و فەرهەنگی لە غەززە و لوبنان لەناو بردووە، بەڵکوو ژنان و منداڵانی بەشێوەی سیستماتیک کردووەتە ئامانج. هێرش بۆسەر ئێرانیش درێژەی سیاسەتی شکڵدان بە نەزمی ناوچەیی دڵخوازی ئیسرائیل بۆ زاڵبوون بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوو. هەروەک چۆن سیاسەتی شەڕخوازانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیش درێژەی ستراتێژی شەڕی پێشگیرانە بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی و کوتانی تەپڵی نابوودی ئیسرائیل بوو کە ئەساسەن خەڵکی سڤیلی ئیسرائیلی کردە قوربانی

لە لۆژیکی سەرمایەدا، شەڕ پڕۆژەیەکی قازانجدەرە. ژێرخانەکان نابوود دەبن،ماڵی خەڵک وێران دەبن، دانیشتووان ئاوارە دەبن. بەڵام دواجار کۆمپانیە فرە نەتەوەییەکان لە پڕۆژی سازکردنەوەدا بەشدار دەبن و سەنعەتی نیزامی دووبارە ڕەونەق دەگرێت. ژنان لەم چەرخەیەدا، نەتەنیا لە چوارچێوەی ماڵدا هێزی کاری بێ حەقدەستن، بەڵکوو لە مەیدانی شەڕیشدا دەبنە قوربانی. ڕژیمی ئیسلامی کە دروشمی سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر گۆی زەوی کردووەتە بەشێک لە پێناسەی سیاسی و ئیدئۆلۆژیکی خۆی، بە کردەوە لە بەرامبەر دەوڵەتی ئیسرائیل لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا داماو و بێتوانا بووە. کۆماری ئیسلامی لە شەڕ، بۆ سەرکوتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان لە ناوەوە و بۆ قایم کردنی نیزامە دیکتاتۆرییەکەی کەڵک وەردەگرێت. ژنان لە ئێران کە یەکەمین قوربانییانی نیزامی ئاپارتایدی ڕەگەزی بوون و لە هەمان حاڵدا پێشەنگی ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوون، لە فەزای شەڕدا فشاری دوو هێندەیان دەکەوێتە سەر. بارودۆخی جەنگ بەهۆی پەککەوتنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، هەژاری لەڕادەبەدەر، ئاوارەبوون و نەبوونی ئاسایش، بەشێوەیەکی مەترسیدار بارودۆخی ژیانی ژنانی تێکداوە

بەپێی ئاماری نووسینگەی ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ەوە تا ئێستا ٢٨ هەزار ژن و کچ لە هێرشەکانی حکومەتی داگیرکەری ئیسرائیل بۆ سەر غەززە گیانیان لەدەستداوە. ئەم ژمارەیە جگە لەو ٢٠ هەزار کەسە بێسەروشوێنەیە کە پێدەچێت لە ژێر داروپەردوودا نێژرابن. هەروەها کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە ٧٠%ی ئەو کەسانەی لە هێرشەکاندا کوژراون ژن و منداڵن. لە کۆی گشتی یەک ملیۆن و ٩٠٠ هەزار ئاوارە لە ناوخۆدا، نیوەیان، یان نزیکەی یەک ملیۆنیان ژنن. لە شەڕی ناوخۆی سوریادا، بەپێی ئاماری ئۆکسفام، زیاتر لە ١١ هەزار و ٤٢٠ منداڵ لە ماوەی دوو ساڵ و نیودا گیانیان لەدەستداوە. لە ئێتیوپی، لە نێوان ساڵانی ٢٠٢٠ و ٢٠٢٢، ژمارەیەکی زۆر لە ژنان نەک لە مەیدانی جەنگدا، بەڵکوو بەهۆی برسێتی و بۆمبارانی خەڵکی غەیرەنیزامی گیانیان لەدەستداوە، کە نزیکەی ١٥٪ ی کۆی قوربانیان پێکدەهێنن. لە ساڵی ٢٠٢٤دا بە پێی راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژانە ٥٠٠ ژن لە کاتی منداڵبووندا لە ناوچە شەڕلێدراوەکان بەهۆی دەستڕانەگەیشتن بە چاودێری تەندروستی گیانیان لەدەستداوە. لە غەززە، تەنها لە ساڵی ٢٠٢٣دا، ڕۆژانە ١٨ ژن بە بێ ئیمکاناتی پزیشکی منداڵیان بووە. لە شەڕدا جەستەی ژن دەبێتە مەیدانی نەبەرد. دەستدرێژی و لووت و گوێ بڕین و ئەشکەنجەدانی ژنان ئامرازێکن لەلایەن هێزە نیزامی و میلیشیاکانەوە بۆ سووکایەتی پێکردن و نابوود کردنی ڕەوان و لەناوبردنی کۆمەڵگاکان. لە یوگۆسلاڤی و ڕواندا و بەنگلادیش دەیان هەزار ژن بوونە قوربانی دەستدرێژی سیستماتیک. لە کاتی داگیرکردنی کوێت سێ هەزار و ٢٠٠ ژن لەلایەن ئەرتەشی عێراقەوە دەستدرێژییان کراوەتە سەر. پەناگەی پەنابەران لەبری دابینکردنی ئاسایش، بووەتە شوێنێکی نوێ بۆ توندوتیژی دژی ژنان. نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە لە هەر پێنج ژنێکی پەنابەر یەکیان ئازار دەدرێ یان دەستدرێژی دەکرێتە سەر

بڕیارنامەی ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە داوای بەشداریکردنی ژنان لە پڕۆسەی ئاشتیدا کردبوو، هەرگیز ڕێگری لە بەردەوامی توندوتیژی سێکسی یان چەوساندنەوەیان نەکرد. نەتەوە یەکگرتووەکان لە چوارچێوەی نەزمی سەرمایەداری جیهانیدا ناتوانێت بەرگریکاری ڕاستەقینەی ژنان بێت. ڕزگاری ژن تەنیا لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکدا مومکینە کە خاوەنداریێتی تایبەت و پێکهاتەی چینایەتی و هەژموونی پیاوسالاری بکاتە ئامانج. ئەزموونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەریخست کە ژنان دەتوانن ببنە هێزی بزوێنەری کۆمەڵگا. بزووتنەوەی ڕزگاری ژنان لە ئێران و لە سەرانسەری جیهان بە تایبەت لە جەرگەی شەڕ و هەژاری و ستەمکاریدا، لە بەرخۆدان و هۆشیارکردنەوەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ. بزووتنەوەی ژنان بە پەیوەندی وشیارانە و ڕێکخراو لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری، موعەلیمان، خوێندکاران، خانەنشینان و پەرستاران دەتوانێ ئاسۆی کۆمەڵگایەکی بێ شەڕ، بێ جیاکاری و ئازاد لە سەرمایە و باوک/پیاو سالاری، وێنا بکات

❊❊❊



# بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی

# ڕژێمی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی بەرپرسی ڕاستەوخۆی مەرگی زیندانیانە
# بە دەنگی ڕەسای سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە، زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ
# و بە خەباتی یەکگرتووانە، شەپۆلی ئێعدام و پەرەپێدانی سەرکوتی ڕژێمی ئیسلامی بەرپەرچ بدەینەوە

ڕۆژی دووشەممە ٢ی مانگی پووشپەڕ یەک ڕۆژ پێش ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە نێوان ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی، ئەرتەشی فاشیست و جنایەتکاری ئیسرائیل هێرشی کردە سەر زیندانی ئێڤین و بەهۆی بۆمبارانەوە بەشێک لەم زیندانە لەوانە بینای ئیداری، سالۆنی ملاقات، بینای دادیاری و بێهداری ئەم زیندانە زیانی بەرکەوت و ژمارەیەک لە زیندانیانی بێدیفاع کوژران و بریندار بوون. بەدوای ئەم جنایەتەی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل، حکوومەتی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامیش لەوپەڕی وەحشیگەری و بەربەریەتدا لەجیاتی ئازادکردنیان، زیندانیانی بەندی ٣ و ٨ی بەندی ژنان بەتایبەت زیندانیانی سیاسی و چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی بواری ژنان، کرێکاران، خوێندکاران، موعەلیمان و خانەنیشنانی کۆت و زنجیر کرد و بەبێ هیچ جۆرە ئیمکاناتێکی ژیان ڕەوانەی زیندانەکانی دیکە لەوانە زیندانی فشافویە و زیندانی قرچەکی وەرامینی کردن. بە هەڵسووکەوتی توندوتیژ و غەیرەئینسانییەوە ڕێگەیان پێنەدان تەنانەت وەسایلی شەخسی و دەوا و دەرمانەکەشیان لەگەڵ خۆیان بەرن. زەرفییەتی ئەم دوو زیندانەش هەروەک باقی زیندانەکانی ڕژیمی ئیسلامی هەر لە پێشترەوە پڕ بوو و ئەو بەندکراوانەی کە ڕژیمی ئیسلامی ڕەوانەی ئەو دوو زیندانەی کردوون جیگایەکیان بۆ خەو و ئیسراحەت نییە و لە دۆخێکی زۆر دژواردان. بەرپرسانی بەکرێگیراوی ڕژیم لەم دوو زیندانە، تەنانەت سووکایەتی و بێڕێزییان بە بنەماڵەی ئەو زیندانیانە کردووە کە پێش ڕوودانی ئەو جنایەتە داوای ئازادکردنی ئازیزانیان کردبوو. ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی کە لە سەرەتادا بێدەنگی گرتە بەر و ئامادە نەبوو هیچ زانیارییەک بدات، ڕۆژی یەکشەممە ٨ی پووشپەڕ، ٦ ڕۆژ دوای ڕوودانی ئەو تاوانە، ڕایگەیاند کە ژمارەی کوژراوانی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر زیندانی ئێڤین گەیشتووەتە ٧٩ کەس. ئەوەش لە کاتێکدایە کە هەر ئەم وتەبێژەی ناوەندی درۆ و سەرکوت، دوای کۆتایی شەڕ، ژمارەی کورژاوەکانی ئەم هێرشەی ٧١ کەس ڕاگەیاندبوو و وتبووی کە لەم هێرشەدا بەشێک لە کادری ئیداری زیندان، بەشێک لە بنەماڵەی زیندانیان و ژمارەیەک لە زیندانیەکان کوژراون

بەدوای ئەم کردەوە جنایەتکارانەیەی دەوڵەتی ئیسرائیل، هەتا ئێستاش سەرەڕای سەردانی ڕۆژانەی کەسوکاری زیندانیان بۆ دڵنیابوون لە وەزعیەتی سڵامەتی ئازیزانیان، بەرپرسانی دز و گەندەڵی حکوومەتی ئیسلامی، لەجیاتی ڕوونکردنەوەی ڕاستیەکان و دانی زانیاری دروست سەبارەت بە شوێنی ئێستای زیندانیان، بە بێڕێزی کردن و درۆودەلەسە، وڵامی بنەماڵەکان نادەنەوە. ئێستایش ڕژیمی شکستخواردووی کۆماری ئیسلامی، بە ئامانجی پەردەپۆش کردنی شکست و تەڵەفاتی جەنگی خۆی، ئاماری وردی زیندانیانی گیان بەختکردوو و بریندارەکان بڵاو ناکاتەوە و ئێستایش زۆرێک لە بنەماڵەی زیندانیان لە دۆخی تەندروستی ئازیزانیان و شوێنی ڕاگرتنیان لەدوای ڕاگواستنیان لە زیندانی ئێڤین، ئاگادار نین

هەر لەو پێوەندییەدا زیندانیانی سیاسی لە زیندانی ئێڤین بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە و بارودۆخی نامرۆڤانەی گواستنەوەیان لە دوای هێرشی ئیسرائیل ئاشکرا کرد. ئەوان بە توندی ناڕەزایەتیان دەربڕی بەرامبەر بە کۆت و بەندکردنی زیندانیان و گواستنەوەی ١٤ کاتژمێری لەژێر بۆردومان و درێژەدان بەو دۆخە دژوارە. وە خوازیاری ئەوە بوون کە حکوومەتی ئیسلامی کۆتایی بە سیاسەتی تۆقاندن و سەرکوتکردنی دڕندانە و سنووردارکردن و گرتن و دەستبەسەرکردنی بەکۆمەڵ لە کۆمەڵگادا بهێنێت

هەر لەو پێوەندییەدا، محەمەد حەبیبی، وتەبێژی "شۆرای هەماهەنگی یەکیەتیەکانی مامۆستایانی ئێران"، لە کەناڵی تێلێگرامی شۆرادا هێرشی ئیسرائیلی بۆ سەر زیندانەکە و کوشتنی هاووڵاتیانی مەدەنی ئیدانە کرد و خوازیاری ئازادکردنی هەموو بەندکراوان بە زووترین کات بوو و ڕایگەیاند: "هەر لە یەکەم ڕۆژی هێرش بۆ سەر زیندانی ئێڤین، شۆرای هەماهەنگی یەکیەتیەکانی مامۆستایان سەبارەت بە زیندان و ئەو بنەماڵانەی سەردانی زیندانیان کردبوو، هەروەها سەبارەت بە کوژرانی ژمارەیەک هاووڵاتی مەدەنی بەتایبەت بەندکراوان خۆیان و بنەماڵەکانیان، چەند ڕاپۆرتی بڵاوکردەوە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە وتەبێژی دەزگای قەزایی ڕژیمی ئیسلامی یەک حەفتە دواتر لە ڕاپۆرتێکی ناڕوون و ناڕاستدا، باسی لە کوژران و برینداربوونی ژمارەیەک لە زیندانیان و بنەماڵەکانیان کرد. شۆرای هەماهەنگی یەکیەتیەکانی مامۆستایان هەروەها ڕایگەیاند زەرەر و زیانێکی زۆر بە بینای بەندی ئەمنیەتی ٢٠٩ گەیشتووە و باری تەندروستی ژمارەیەک لە بەندکراوانی ژوورەکانی تاکەکەسی ناڕوونە

هەر لەو پەیوەندییەدا شۆرای خانەنشینانی ئێرانیش لە بەیاننامەیەکدا کۆماری ئیسلامی بە بەرپرسی پاراستنی گیانی هەموو بەندکراوان زانی و خوازیاری ئاگادارکردنەوەی ڕوون و ورد سەبارەت بە کوژراو و بریندارەکان و ڕوونکردنەوەی دۆخی ئەو بەندکراوانە بوو کە هیچ خەبەرێکیان نییە و تەئکیدی کرد کە لە وەها بارودۆخێکدا بەندکراوان بەتایبەت بەندکراوانی سیاسی دەبێ دەستبەجێ ئازاد بکرێن نەک ئەوەی ڕەوانەی زیندانەکانی دیکە بکرێن. هەروەها مای ساتۆ، ڕاپۆرتدەری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، ڕۆژی ٤ی مانگی پووشپەڕ ڕایگەیاند کە ڕاپۆرتی جێگەی نیگەرانی سەبارەت بە گواستنەوەی بەندکراوان لە زیندانی ئێڤینەوە پێگەیشتووە

گیانلەدەستدانی ئەو زیندانیانە و برینداربوونیان لە کاتێکدا بووە کە کۆماری ئیسلامی پێشوەخت دەیزانی کە هێرشێکی لەو شێوەیە ڕوودەدات، بەڵام هیچ هەنگاوێکی لەو پێوەندەدا هەڵنەگرتووە. ڕۆژی ٧ی پووشپەڕ، فاکس نیوز بڵاویکردەوە، ئیسرائیل پێشتر بەرپرسی زیندانی ئێڤینی لە هێرشێکی لەو شێوەیە ئاگادارکردۆتەوە. ئەگەرچی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئەم هەواڵە بە دەنگۆ و درۆی دوژمن دەزانن، بەڵام ئەسکەندەر مۆئمێنی وەزیری ناوخۆی دەوڵەتی پزشکیان بە شێوەیەک، دانی بەوە دانا. مۆئمێنی لە شەشی مانگی پووشپەڕدا وتی: "لە سەعاتەکانی سەرەتای هێرشەکەدا، کاربەدەستانی ئەمنیەتی بۆ ڕێگری کردن لە شۆڕش و هەڵاتنی بەندکراوان، لە زیندانی ئێڤین چەند چالاکییەکیان ئەنجام دابوو

درۆودەلەسەی ڕژیمی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە چارەنووسی بەندکراوانی زیندانی ئێڤین لە کاتێکیدایە کە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ "مەترسی" ئاخێز و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان، شەپۆلێکی نوێ لە ئێعدامی بەندکراوانی خستووەتە ڕێ. تەنیا لە ڕۆژی یەکەمی مانگی پووشپەڕدا، ١٧ بەندکراو ئێعدام کران و لە سەرەتای ساڵی ١٤٠٤ەوە هەتا ئێستا لانیکەم ٤٢٤ کەس ئێعدام کراون. سەران و فەرماندەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی نەتەنیا لە سەردەمی شەڕی کۆنەپەرستانە و بۆمبارانەکاندا هیچ بایەخێکیان بە دابینکردنی ئەمنیەتی بەندکراوان نەدا، بەڵکوو دوای کۆتایی هاتنی شەڕ و شکستی سەرشۆڕانەشیان، بەتەمان تۆڵە لە خەڵک و بەندکراوان بکەنەوە

هەتا کاتێک کە موناسباتی سەرمایەداری، مەزهەبی و سەرکوتگەر زاڵە، ماشێنی ئێعدام لەکار ناکەوێت. خەباتی سازماندراو و ڕێکخراوی بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتی و ئیعتڕازییەکان بە دەنگی ڕەسای بەندکراوی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ، سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە، دەتوانێ دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی ناچار بە پاشەکشە بکات. تەنیا بە ئامادەکردنی پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و بە شکڵدان بە ئاڵترناتیڤی سۆسیالیستی لەسەر بەستێنی خەباتی ئێستادایە کە دەتوانین دەسەڵاتی شۆرایی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، کۆتایی هاتنی کوشتن و توندوتیژی ڕێکخراوی دەوڵەتی و گەیشتن بە ئازادی و بەرابەری و ڕەفاهی ئینسانەکان بخەینە ئاسۆوە

***

## سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە

# پیرۆز بێت ٣١ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە

لە ٣١ی جۆزەرداندا و بەبۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە، یادی هاوڕێ "سەعید موعینی" یەکەمین پێشمەرگە و یەکەمین گیان بەختکردووی کۆمەڵە، کە ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە بەناوی ئەوەوە کراوە و یادی هەزاران تێکۆشەر و مرۆڤی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیست کە لە بەرەکانی شەڕ دژبە یەکێک لە دڕندەترین و تاریک بیرترین دیکتاتۆرەکانی سەردەم گیانیان بەخت کرد بەرز ڕادەگرین و سڵاو و درووود دەنێرین بۆ بنەماڵە سەربەرز و خۆڕاگرەکانیان

مێژووی شکڵ گرتن و خەباتی ماندوویی نەناسانەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە ئاوێتەی مێژووی خەبات و خۆڕاگری و مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان بووە. ٤٦ ساڵ لەمەوبەر بناغەی ئەم هێزە لە هەلومەرجێکدا داڕێژرا کە کۆمەڵگەی ئێران لەبەردەم ئاڵوگۆڕێکی مێژوویيدا بوو. لە لایەکەوە کۆمەلانی خەڵکی ئێران بە شۆڕشێکی جەماوەری لە چنگ دیکتاتۆری پاشایەتی ڕزگاریان ببوو و فورسەتی ئەوەیان پەیدا کردبوو کە نەفەسێك بە ئازادی هەڵمژن و لە لایەکی دیکەشەوە مۆتەکەی ڕژیمێکی سەرمایەداری مەزهەبی کە تینووی خوێنی شۆڕش بوو کۆمەڵگەی ئێرانی داگرتبوو. ڕەوتی ئیسلامی ئەرکی بە شکست کێشانی شۆڕشی ئێرانی وەئەستو گرتبوو. لە گۆشە و کەناری ئێران خەباتی ئازادیخوازانەی و ڕەهایی بەخشی خەڵکی بەشێوەی خوێناوی سەرکوت دەکرد. بەڵام لە کوردستان، لاواز بوونی ڕەوتی ئیسلامی و نفووزی بیروبۆچوون و ڕێبازی چەپ و ڕادیکال، هەلومەرج و هاوسەنگیەکی جیاوازی خوڵقاندبوو. کرێکارانی چەوساوەی خوازیاری ژیانی باشتر، زەحمەتکێشانی ڕزگاربوو لە کوت و بەندی پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی، ژنانی تینووی مافی یەکسانی، جەماوەری خوازیاری نەمانی ستەم و هەڵاواردن ، هەمووی ئەوانە لە بزووتنەوەیەکی موقاومەتی کۆمەڵایەتی بەریندا، خۆیان بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو کە ئامادەکاری بو داسەپاندنی حوکمی خۆی بەسەر کوردستانیش دەست پێکردبوو، کۆببوونەوە

لە سەرەتاوە کۆنەپارێزانی ناوچە و پاشماوەی دەرەبەگایەتی ڕزیو، هەوڵیان دا بە پشت بەستن بە ڕژیمی مەرکەزی جێگا و شوێنی لەدەست چووی خۆیان بە دەست بێننەوە. بۆ ئەو مەبەستە داروەستەی چەکداریان پێکهێنابوو و هەڕەشەیان لە زەحمەتکێشانی هەژاری دێهاتی کوردستان دەکرد. بو پووچەڵ کردنەوەی ئەو هەوڵانە بوو کە کۆمەڵە بانگەوازی زەحمەتکێشانی لادێی کرد کە لە یەکیەتیی جوتیاراندا کوببنەوە و ڕیکخراو و چەکدار، لە مافی خۆیان دیفاع بکەن. هاوکات و لەگەڵ هەڕەشەکانی ڕاستەوخۆ و نزیك بوونەوەی پەلاماری کۆماری ئیسلامی بۆسەر کوردستان، دوو بنکەی فێرگەی کۆمەڵە لە باشوور و باکوور بۆ پەروەردەکردن و ئامادە کردنی کادرەکانی هێزی پێشمەرگە کەوتنە ڕێ و چوارچێوەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لەو تێکوشەرانە پێك هات کە دەورەی نیزامی ئەو فێرگانەیان تێپەڕ کردبوو. هیزەکانی یەکیەتی جووتیاران بە هیدایەتی تێکوشەرانی کۆمەڵە، لە مەریوان و دیواندەرە و کامیاران و سەردەشت و بۆکان و مەهاباد، ئەرکی خۆیان سەرکەوتووانە جێبەجێکرد. زەویەکانیان بەسەر جووتیارانی هەژاردا دابەش کرد و بوونە مایەی هەڵوەشانەوەی داروەستەکانی چەکداری ئاغا و دەرەبەگەکان

گوڕوتینی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بۆ داهاتوویەك کە دەیان ویست بەدەستی خۆیان بونیاتی بنێن، پێکهاتنی کەش و هەوای سیاسیی دیموکراتیک لە کوردستان، ئەو ناوچەیەی کردبووە سەنگەرێکی پتەوی درێژەی شوڕش لە ئێران. پەرەسەندنی نفووزی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵە و گەشە کردنی توانایيەکانی لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی جەماوەردا، کە لە چەندین ڕووداوی مێژوویی وەك کۆچی مەریوان و مانگرتنی یەك مانگەی شاری سنە بۆ دەرکردنی سپای پاسداران لە کوردستان، ڕێپیوانی هاوپشتی بەرەو مەریوان و هیتر دا خۆی دەنواند، هەمووی ئەوانە کە ئاسۆیەکی دیکەیان بۆ شۆڕشی ئێران لەبەرچاو بوو، بۆ ڕژیمی ئیسلامی تەحەمول نەدەکرا. هەر بۆیە دوای ماوەیەك فریوکاری و تەفرەدان، هەموو دەرگاکانی گفتوگۆیان، یەکسەر داخست و دوای خوڵقاندنی چەندەها جنایەتی وەك قاڕنی و قەڵاتان، بە فەرمانی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا هێرشێکی بەربڵاو بوسەر کوردستان دەستپێکرد. کۆمەڵە بانگەوازی موقاومەتی لە هەموو مەیدانەکانی خەباتی جەماوەریدا دەرکرد و خەڵکی کوردستان بە پیر ئەو بانگەوازە هاتن و مێژووی پڕ لە هەڵسووکەوت و پڕ لە ئەزموونی ٤٦ ساڵی ڕابردوویان دروست کرد

ئاسۆی هێزی پیشمەرگەی کۆمەڵە، وەک باسکی چەکداری حیزبێکی کۆمۆنیستی، ڕزگاری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بووە لەڕێگەی شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە. شۆڕشێك کە بە هێزی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دەکەوێتە ڕێ. وەها شۆڕشێك بەهۆی ناکۆکی بنەڕەتی چینایەتی و کۆمەڵایەتی نیزامی سەرمایەدارییەوە بەرپا دەبیت. ناکۆکی چینایەتی، نابەرابەری، هەڵاواردن، بێمافی، نەبوونی ئازادی تاکەکەسی و سیاسی، ڕێگری لە ئازاد بیرکردنەوە و ئازاد ژیان و هیتر، کۆمەڵگە بەرەو شۆڕش پاڵ پێوەدەنێت. شۆڕش بە واتای بێدەسەڵات کردنی کەمینەی بچووکی سەرمایەداران و چەوسێنەران و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن زۆرینەی بەرهەمهێنەرانی سەروەت و نیعمەتی کۆمەڵگە و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ژیانی خەڵکدا

واقعییەت ئەوەیە کە خەباتی چەکداری لەگەڵ پەلاماری هێزەکانی ڕژیمی ئیسلامی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپا. خەڵکی کوردستان خوازیاری ئازادی بوون و بەخاتری سوور بوونیان لەسەر دیفاع لەو دەستکەوتە دیموکراتیکانەی کە لە جەرەیانی ڕووخاندنی ڕژیمی شادا بەدەستیان هێنابوو، هیچ ڕێگایەکیان بێجگەلە دەست بردن بۆ چەک بۆ نەمایەوە. دیفاع لەم ئازادییە، بە بێ گیانفیدایی مەیسەر نەبوو. ئەوان لە بەرامبەر هێرشی دژە شۆڕشی جەنایەتکاری ئیسلامیدا خۆڕاگرییان نواند و لە حورمەتی ئینسانی خۆیان دیفاعیان کرد. کاتێک پاشەکشەیان بە هێزەکانی ڕژیم کرد و کوردستانیان بۆ جارێکی تر لە ژێر چنگی ڕژیمی سەرکوتگەر هێنا دەرێ، لە زۆر شوێنی کوردستان نموونەگەلێکی بەبایەخیان لە ژیانی مەدەنی و دیموکراتیک تەجروبە کرد. بە وەها ئاسۆیەکەوە و لە جەرگەی پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەریدایە کە کۆمەڵە بە پشت بەستن بە کادر، سوننەت و زەرفییەتەکانی کە لەناو جەماوەری کوردستاندا پەروەردەی کردوون بۆ وڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی ئەو قۆناغە سەرلەنوێ هێزی پێشمەرگە لەناو جەماوەردا بە پشتیوانی کرێکاران و زەحمەتکێشان ڕێکدەخاتەوە. بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی ڕاپەڕینی شارەکان تێدەکۆشێت و بەپێی توانای خۆی بۆ ڕێکخستن و پەروەردەکردنی هێزی چەکداری جەماوەری لەژێر فەرمانی کۆنگرەی سەرتاسەری شوراکانی خەڵکی کوردستان، یارمەتیدەر دەبێت

❊❊❊




**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

# ڕاگەیاندنی سەرکەوتن لە شەڕدا، ئەوپەڕی بێشەرمی خامنەییە

ڕۆژی پێنجشەممە پێنجی مانگی پووشپەڕ دوای تێپەڕینی دوو ڕۆژ بەسەر ئاگربەستی ڕاگەیەندراو لەلایەن ترامپەوە، سەبارەت بە شەڕی ڕاستەوخۆی دوازدە ڕۆژەی نێوان ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی، عەلی خامنەیی لە پەناگاکەی خۆیەوە پەیامێکی ڤیدیویی زەبتکراو و ناهەماهەنگی نارد. خامنەیی لەم پەیامەدا کە لە تەلەڤیزیۆنی کۆماری ئیسلامییەوە بڵاوکرایەوە بە ڕوخسارێکی تێکچوو و دەنگی گیراوەوە، ئیدیعای ئەوەی کرد کە کۆماری ئیسلامی لە شەڕ لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا سەرکەوتووە. ئەو وتی: "ئەم سەرکەوتنە شایەنی چەند پیرۆزباییە. پیرۆزباییەک بەخاتری دەخاڵەتی ئەمریکا لەو شەڕەدایە کە هەستی دەکرد ئەگەر دەخاڵەت نەکات، ڕژیمی سەهیۆنیستی بەتەواوی نابوود دەبێت. لەم شەڕەدا کۆماری ئیسلامی زللەیەکی توندی لە ئەمریکا دا". خامنەیی سەبارەت بە ئیسرائیلیش وتی: "ڕژیمی سەهیۆنیستی بەو هەمووە هەرا و هوریا و ئیدیعایەوە لەژێر گورزەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە پێ کەوت".

خامنەیی لە درێژەی قسەکانیدا بە شانازییەوە هاویشتنی ١٤ مووشەکەکەی سپای پاسدارانی بەرەو پایەگای "ئەلعودەید"ی ئەمریکا لە قەتەر لە ڕۆژی دووی مانگی پووشپەڕ، وەک دەستکەوت ناوبرد. هاویشتنی ئەم مووشەکانە کە بە ئاگاداری ئەمریکا وەک وەڵامی سەمبۆلیکی کۆماری ئیسلامی بە بۆمبارانی قورس و وێرانکەری بنکە ئەتۆمییەکانی فۆردۆ، نەتەنز و ئیسفەهان لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی "بی ٢"ی ئەمریکا لە یەکی مانگی پووشپەڕدا بەڕێوەچوو، تەنیا بۆ مەسرەفی ناوخۆیی بوو. هەڵبەت خەڵکی ئێران لە هەموو کەس باشتر دەزانن کە لەم شەڕەدا کۆماری ئیسلامی تا چ ڕادەیەک زەلیل و داماو بوو. بەناو هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆسەر پایەگای ئەمریکا، بە ڕەزامەندی پێشووی قەتەر و ئەمریکا و بە ئامانجی ڕێگری لە سەرشۆڕی و ئابڕووچوونی زیاتری کۆماری ئیسلامی ئەنجام درا و لە پێشترەوە پایەگاکە بەشێوەی کاتی چۆڵکرابوو. بێجگەلە مووشەکێک کە لە بیابانێک درا و هیچ زیانێکی نەبوو، هەموو مووشەکەکانی دیکە هەر لە ئاسمان لەلایەن ئەرتەشی قەتەر و ئەمریکاوە تەقێندرانەوە. هەر لەم پەیوەندییەدا ترامپ ئاشکرای کرد کە "کۆماری ئیسلامی تەنانەت سەعاتی هاویشتنی ئەم مووشەکانەشی لە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئێمەدا دیاری کردووە". بەدوای ئەوەدا مەسعوود پزیشکیانیش وەک سەرۆک کۆمار، سوپاسی دەوڵەتی قەتەر کرد و داوای لێبوردنی کرد

قسە بێبنەماکانی خامنەیی لە کاتێکدایە کە بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێری "هرانا" ئۆرگانی هەواڵی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە ئێران، لەماوەی ١٢ ڕۆژی شەڕی کۆنەپەرستانەی نێوان ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی، کە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی ٢٣ی جۆزەردان لەلایەن ئیسرائیلەوە دەستپێکرد، لە ئێران ١٠٥٤ کەس کوژراون و ٥٣٣٢ کەس برینداربوون. ئەم هەواڵنێرییە ژمارەی کوژراوەکان لە ئیسرائیلی تەنیا ٢٨ کەس و ژمارەی بریندارەکانی ١٣٤٧ کەس ڕاگەیاندووە. جگە لەمەش تەنیا کارێک کە کۆماری ئیسلامی لەدژی ئیسرائیل ئەنجامی داوە و خودی ئیسرائیلیش تەئیدی کردووە، هاویشتنی ٥٥٠ مووشەکی بالستی و زیاتر لە هەزار درۆن بەرەو ئیسرائیل بووە. کە تەنیا ٣١ مووشەک لە شارەکانی ئیسرائیل کەوتوونەتە زەوی و زیانیان بە ماڵی خەڵک گەیاندووە و مەرگبار بوون



جیا لە ژمارەی زۆری کوژراو و بریندارەکان، لەم شەڕە کۆنەپەرستانە و جینایەتکارانەیەدا کۆماری ئیسلامی لە سەرتاسەری ئێران، زەربەی زۆر قورسی بەرکەوتووە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی فاینشەنشڵ تایمز و میدیاکانی دیکە، خەساری شەڕ لە ئێران زۆر لەسەرێیە. ژێرخانی بەرگری، ئەتۆمی و زانیاری لە کار کەوتووە. زۆرێک لە فەرماندە باڵاکانی سپای پاسداران و ئەرتەش و زانایانی ئەتۆمی ڕژیم کوژراون. سیستەمی بەرگری ئاسمانی کۆماری ئیسلامی بەگشتی لە کار کەوتووە و ئاسمانی ئێران بۆ ماوەیەکی زۆر لە ئیختیار فڕۆکەکانی ئیسرائیلدا بووە. ناوەند و دامەزراوە ئەتۆمییەکانی فۆردۆ، نەتەنز و ئیسفەهان و ناوەندی هێزەکانی سپا، ئەرتەش و هێزی ئینتزامی، بەتایبەت لە ئازەربایجان، کوردستان، ئیلام، بینای سەدا و سیما، فڕۆکەخانە و کارخانەکانی بەرهەمهێنانی مووشەک و پێداویستی دامەزراوە ئەتۆمییەکان، کارخانەکانی بەرهەمهێنانی سووتەمەنی مووشەک لە ناوچەی لەویزان و پارچین و لۆرستان و زۆر شوێنی دیکە لە تاران، تەورێز، قوم، ئیسفەهان و کوردستان و شوێنەکانی دیکە وێران بوون

بێگومان شەخسی عەلی خامنەیی لە هەموو ئەم ماجەرایانە ئاگادارە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش لەوپەڕی بێشەرمیدا دەڵێ کە لەم شەڕەدا بەسەر ئەمریکا و ئیسرائیلدا سەرکەوتووە. هەر لەو ماوەیەدا زۆر جار کۆماری ئیسلامی داماوانە داوای ئاگربەستی لە ئەمریکا کردووە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی لەم ماوەیەشدا بەردەوام لەگەڵ نوێنەرانی ئەمریکا سەبارەت بە درێژەی گفتوگۆ ئەتۆمییەکان لە پەیوەندیدا بووە. ترامپیش کە بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی ناتۆ بۆ هولەند سەفەری کردبوو، ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی داوای لێکردووین دەوری شەشەمی گفتوگۆکان بەڕێوەبەرین. حەفتەی داهاتوو ئەم کارە دەکەین. کەوابوو ئەم قسانەی خامنەیی سەبارەت بە شەڕ و سەبارەت بە ئەمریکا و ئیسرائیل فریوکارانە و درۆودەلەسەیە و هیچی تر.

خامنەیی کەسێک بووە کە لە داڕشتنی هەموو بەرنامە گەورە و ستراتێژیکەکانی کۆماری ئیسلامی لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوو، لەوانە بەرنامەی ئەتۆمی، داڕشتنی ستراتێژی شەڕی پێشگیرانە، پێکهێنانی گرووپە تیرۆریستەکانی "میحوەری موقاوەمەت" بە ئامانجی شەڕنانەوە و دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە، وە باقی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، بەرپرس بووە و دەستی بووە. هەر کام لەم پڕۆژانە سەدان ملیارد دۆلاری خەرج بووە. ئێستا کە هەموو ئەم بەرنامانە تووشی شکست بوون، خامنەیی ناتوانێ لەژێرباری ئەم بەرپرسایەتییە کە بووەتە هۆی کوژرانی دەیان هەزار کەس و بەفیرۆچوونی سەدان ملیارد دۆلار لە سەرمایە و بەرهەمی ڕەنج و کاری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، خۆی بدزێتەوە و بە درۆ و فریوکاری حاشا لەم شکستانە بکات

لەئێستادا بەلەبەرچاوگرتنی سرووشتی شەڕخوازانە و تاونکارانەی نەتانیاهۆ و خامنەیی، ئاگربەستێک کە لە نێوان ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامیدا بەرقەرار کراوە، بەرهەمی گفتوگۆی ئەو دوو لایەنە و ڕێککەوتنیان نەبووە، بەڵکوو بەپێی فەرمانی بەپەلەی ترامپ ئەنجام دراوە. هەر لە ڕۆژی یەکەمی ئاگربەستەکەدا ئیسرائیل ڕایگەیاند کە ئەگەر ئاگاداری جموجۆڵی مووشەکی کۆماری ئیسلامی لە ناو ئێراندا بێت، یان ئەگەر ببینێت کە دامەزراوە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەوەی زیانیان پێگەیوە، نۆژن دەکرێنەوە، هێرشی نیزامی خۆی دووبارە دەستپێدەکاتەوە

لەڕاستیدا هەتا کاتێک ئەمجۆرە حکوومەتانە لە جیهان و لە ناوچەکە لە دەسەڵاتدا هەن، ژیانی کرێکاران و جەماوەری ستەمدیدە نە لە ئەمنیەت و ئەماندا دەبێت و نە ڕەفاه و ئاسایش و سەقامگیری لە کاردا دەبێت. شیشەی تەمەنی نەکبەتباری کۆماری ئیسلامی کە لەئێستادا لاوازتر لە هەموو کاتێکە، لە گرەوی عەزمی چینی کرێکاری یەکگرتوو و ڕێکخراو، مانگرتنی سەرتاسەری لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری، پەرەسەندنی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و هاتنە مەیدانی جەماوەری بەشمەینەتی کۆمەڵگا لەئاستی سەرتاسەریدایە. پێویستە ئەم هێزە مەزنە کۆمەڵایەتییە لە ئاستی یەریندا وەحەرەکەت کەوێ تا بارگە و بنەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تێکەوەپێچێت

❊❊❊

**بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان**

# پەرەستاندنی سەرکوت لەسەر بەستێنی درێژەی شەڕی کۆنەپەرستانەدا

لە جەرگەی شەڕی نێوان ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئیسرائیلدا کە لەو ماوەیەدا لە ئێران ٩٥٠ کەس گیانیان لەدەستداوە و سێ هەزار و ٤٥٠ کەسیش برینداربوون، شەپۆلێکی نوێ لە پەرەسەندنی سەرکوت، فشاری ئەمنیەتی، دەستبەسەرکردنی بەرین و هەڕەشەی ئێعدام لە ناو زیندانەکانی ئێراندا کەوتووەتە ڕێ. غولام حسێن موحسێنی ئێژەیی سەرۆکی دەزگای قەزایی ڕژیم لەم دواییەدا ڕایگەیاند کە "پەروەندەی کەسانی پەیوەندیدار بە دوژمن" دەبێ بە خێرایی و بە بێ چاوپۆشی لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت. ئەو هەروەها باسی لە پێکهاتنی دادگای تایبەت بۆ "تاوانی ئەمنیەتی و سیخوڕی" و چالاک کردنی لقی تایبەت لە دیوانی باڵا بۆ دەرکردنی خێرای حوکمەکان کرد. ئەم قسانە ئاماژەیە بۆ شێوەکاری دەزگای قەزایی ڕژیم لە کاتی شەڕدا کە وەک باسکی سەرکوتی بێسنوور چالاکی دەکات

تەنیا لە پارێزگای قۆم، پۆلیس ڕایگەیاندووە کە ٢٢ کەسی بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ دەزگا سیخوڕییەکانی ئیسرائیل دەستبەسەرکردووە. لە پارێزگای مەرکەزی و تارانیش چەندین کەس بە تۆمەتی "سیخوڕی بۆ موساد" دەستبەسەرکراون. بەپێی هەواڵی میدیا دەوڵەتییەکان، ٣٦ کەس لە گیلان بە تۆمەتی "هاوکاری لەگەڵ دوژمن و تێکدانی بیروڕای گشتی" دەستبەسەر کراون. بە گشتی، بە پێی ئاماری "هرانا" لە ماوەی ١٠ ڕۆژی ڕابردوودا ٦٤٠ هاووڵاتی ئێرانی بە تۆمەتی سیاسی یان ئەمنی دەستبەسەر کراون. ئەم ڕەشبگیرییانە لەگەڵ دامەزراندنی خالی پشکنین و کۆنترۆڵکردنی مۆبایلی هاووڵاتییان و پەرەپێدانی کەشوهەوای ئەمنیەتی لە شارەکاندا بووە. ئەوەی بە ناوی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نفووزی دوژمن بەڕێوە دەچێت، لە ڕاستیدا ئامرازێکی نوێیە بۆ سەرکوتی ناوخۆیی، سەرکوتێک کە ئەمجارەیان لەگەڵ هەڕەشە و لەسێدارەدانی زیندانییەکاندایە. شەپۆلی پەرەسەندنی سەرکوت هێندە بەرینە کە ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لەئاست مەترسی جیددی ئێعدامی بەپەلە و ئەشکەنجە لە جەریانی پەروەندەکاندا هۆشداری دا و ڕایگەیاند کە سزای مەرگ کراوەتە ئامرازێک بۆ پەرەپێدانی ترس و وەحشەت و پاراستنی دەسەڵات. لە وەها بارودۆخێکدا ئەرکی چالاکانی شۆڕشگێڕ و ڕادیکاڵی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان نەک هەر لەقاودانی سرووشتی ئامانجەکانی ڕژیم، بەڵکوو ڕێکخستنی خەبات بۆ کۆتایی هێنان بە چەرخەی توندوتیژی دەوڵەتییە

کۆماری ئیسلامی بەدرێژایی دەسەڵاتەکەی نیشانی داوە کە ئێعدام وەک ئامرازێک بۆ کۆنتڕۆڵ کردنی تووڕەیی جەماوەر، بۆ پێکهێنانی فەزای ترس و بۆ کۆنتڕۆڵکردنی هێزە نارازییەکان بەکار دێنێت. ئەوەی لە میدیا فەرمییەکاندا وەک "سزا بۆ کەسانی نفووزی" باسی لێدەکرێت، لە ڕاستیدا هەمان سیاسەتی لەناوبردنی نەیارانی سیاسی بەتایبەت لەو کاتانەدایە کە پێکهاتەی سیاسی دەسەڵاتدار لە بەرامبەر دوژمنی دەرەوەدا بێتوانا و داماوە و قەیرانە ناوخۆییەکانی گەیشتووەتە ئەوپەڕی خۆی. پەرەسەندنی ئێعدامەکان لە بارودۆخی شەڕدا، نیشانەیەکی ڕوونە لەوەیکە دەسەڵات بۆ مانەوەی، لە خوێن تەغزییە دەکات

ئەم شەڕە کە لە هەر دوو لاوە کۆنەپەرستانەیە، بۆ کۆماری ئیسلامی بووەتە دەرفەتێک بۆ پەرەپێدانی سەرکوت و پەراوێزخستنی بزووتنەوە نارەزایەتییەکان. ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە لە هەر دووک لا بووەتە هۆی بەهێزتربوونی ماشێنی نیزامی و ئەمنیەتی، وە لە ئاکامدا سەرکوتی زیاتری کرێکاران، خوێندکاران و چالاکانی مەدەنی لێکەوتووەتەوە. ئەم شەڕە هیچ قازانجێکی بۆ چینی کرێکار تێدا نییە. چ لە تەلئەڤیڤ و چ لە تاران گرتن، بێسەر و شوێن کردن، ئەشکەنجە و هەڕەشەی ئێعدام، هەر هەموویان لە ڕاستای سەرکوتکردنی هەرجۆرە نارەزایەتییەکی کۆمەڵایەتیدا بەڕێوەدەچێت. بەتایبەت لە شارەکانی وەک کرماشان، ورمێ، مەشهەد و تاران، هەواڵی جۆراوجۆر سەبارەت بە هێرشی شەوانە، دەستبەسەرداگرتنی ئامێرەکانی پەیوەندی و زەوتکردنی مافە سەرەتاییەکانی دەستبەسەرکراوان بڵاو کراوەتەوە

ترسی سەرەکی ڕژیم نەک "نفووزی ئیسرائیل" بەڵکوو خەڵکی وەگیانهاتووی ئێرانە. دەسەڵات لە ئێران، بەتایبەت لە دوای ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی، زیاتر لە ڕابردوو لەگەڵ قەیرانی مەشرووعییەت و بێتوانایی مودیرییەتی بەرەوڕوو بووەتەوە. لە وەها بارودۆخێکدا هەر ڕووداوێکی دەرەکی - لە شەڕەوە بگرە هەتا گەمارۆ دەبێتە بیانوویەک بۆ پەرەپێدانی سەرکوتی ناوخۆیی. لە ئاوا هەلومەرجێکدا چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە هەمان کاتدا کە دەبێ بۆ ڕێکخستنی بزووتنەوەی جەماوەری لەدژی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە دەست بخەنە ناو دەستی یەک، پێویستە خواستی ئازادی بێ شەرت و مەرجی بەندکراوانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام بکەنە ئەولەوییەتی دروشم و داخوازییەکانیان. تووڕەیی و ئیرادەی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی ئێران و چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەدژی شەڕ و شەپۆلی گرتن و ئێعدام کاتێک دەبێتە هێزێکی چارەنووسساز کە ڕێکخراو بێت. تەنیا لەو کاتەدایە کە دەتوانێ پاشەکشە بە دەزگای سەرکوت بکات و بزووتنەوەی خەبات بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی بەرەوپێشەوە بەرێت.

هەتا کاتێک کە موناسباتی سەرمایەداری، مەزهەبی و سەرکوتگەر زاڵە، ماشێنی ئێعدام لەکار ناکەوێت. خەباتی سازماندراو و ڕێکخراوی بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتی و ئیعتڕازییەکان بە دەنگی بەرزی نا بۆ شەڕی کۆنەپەرستانە و بەندکراوی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ، سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە، دەتوانێ دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی ناچار بە پاشەکشە بکات. تەنیا بە ئامادەکردنی پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و بە شکڵدان بە ئاڵترناتیڤی سۆسیالیستی لەسەر بەستێنی خەباتی ئێستادایە کە دەتوانین دەسەڵاتی شۆرایی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، کۆتایی هاتنی کوشتن و توندوتیژی ڕێکخراوی دەوڵەتی و گەیشتن بە ئازادی و بەرابەری و ڕەفاهی ئینسانەکان بخەینە ئاسۆوە

❊❊❊

# کۆماری ئیسلامی لەسەر دووڕێیانی تەسلیمبوونی تەواو یان درێژەی شەڕ

دوای بۆمبارانی سایتە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی لە فۆردۆ، نەتەنز و ئیسفەهان لەلایەن فڕۆکەکانی "بی ٢"ی ئەمریکا لە بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە یەکی مانگی پووشپەڕی ١٤٠٤، یەکێک لە بناغە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی داڕما. ئەو بەرنامە ئەتۆمییەی کە لە ٣٥ ساڵ لەمەوبەرەوە هەتا ئێستا سەدان ملیارد دۆلار لە بەرهەمی ڕەنج و کاری کرێکاران و سەروەت و سامانی کۆمەڵگای لێ خەرج کرا و لەگەڵ ڕێکخستنی گرووپە ئیسلامییەکان لە وڵاتانی ناوچەکە بەشێک لە ستراتێژی مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بوو. کۆماری ئیسلامی هەندێک جار تەنانەت بە گەورەکردنەوەی پێشکەوتنی پڕۆژە ئەتۆمییەکانی هەوڵی دەدا لە دەسەڵاتەکانی ناوچەکە ئیمتیاز وەربگرێت. ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی دەیان ساڵە بۆ کۆنترۆڵکردن و لێکۆڵینەوەی پڕۆژە ئەتۆمییەکان لە قۆناغی



جیاوازدا لەگەڵ بەرپرسانی جۆراوجۆری ڕژیمی کۆماری ئسیلامی گفتوگۆی کردووە. بەڵام مەقاماتی کۆماری ئیسلامی بە وتنی ئەوەیکە دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی بە حەرامی شەرعی دەزانن و بەشوێن ئەم چەکەوە نین، هەوڵیان داوە ئەوان فریو بدەن، وە بەنهێنی خەریکی دروستکردن و دامەزراندنی دەیان سانتریفیووژ و ئامێرەکانی دیکەی پێتاندن بوون

کۆماری ئیسلامی دەیان ساڵ سایتە ئەتۆمییەکانی خۆی لە دیدی بەرپرسانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی دەشاردەوە. ڕێگەی پێنەدەدان پشکنین ئەنجام بدەن یان بەشێوەی سنووردار و مەرجدار ڕێگەی پێدەدان. تەنانەت هەندێک لەوانی بە مۆرەی ئەمریکا و ئیسرائیل ناو دەبرد. لەگەڵ هەموو بەڕێوەبەرە گشتییەکانی ئاژانس لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا پەیوەندییەکی پڕ لە گرژییان دروست کرد. هەر لەم حەفتەیەی ڕابردوودا عەلی لاریجانی ڕاوێژکاری عەلی خامنەیی و ئەندامی مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام و سەرۆکی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی، لە ئەکاونتی ئیکسی خۆیدا هەڕەشەی تیرۆرکردنی لە ڕافائێل گروسی بەڕێوەبەری گشتی ئاژانس کرد و بە ئاشکرا ڕایگەیاند: "شەڕ تەواو بێت بە حیسابی گروسیش دەگەین". چونکە گروسی دوای سەفەرەکەی بۆ تاران لە ڕێکەوتی ٢٧ی خاکەلێوەی ئەمساڵ بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەسەر سایتە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی، لە ڕاپۆرتێکدا کە ڕۆژی ١٩ی جۆزەردان

بەفەرمی پێشکەشی شۆرای حوکامی ئەم ئاژانسەی لە ڤیەن کرد، ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٤٠٠ کلیۆگرەم ئۆرانیۆمی پیتێندراوی ٦٠٪ بەرهەم هێناوە و تەنیا یەک هەنگاو لە پیتاندنی ٩٠٪ بۆ دروست کردنی بۆمب فاسلەی هەیە. وە ڕایگەیاند کە هەتا ئێستا هیچ دەوڵەتێکی غەیری ئەتۆمی لەم ڕێژەیەدا پیتاندنی ئەنجام نەداوە و ناتوانێ پاساوەکانی ڕژیم تەئید بکات

عەلی خامنەیی و باقی بەرپرسانی ڕژیم بە تەسەوری ئەوەیکە دەتوانن هەتا گەیشتن بە بۆمبی ئەتۆم، سیاسەتی فریوکارانە و ملهوڕانەی خۆیان لەم بوارەدا درێژە بدەن، سەرەنجام لە لێکدانەوەکانیادا تووشی هەڵە بوون. ئەوان ساڵەها ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ئێرانیان بە گەمارۆی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا و یەکیەتی ئوروپا، سەخت و دژوارتر کرد. هەڵبەت مافیای دەسەڵات لە سپای پاسداران و دەزگای ڕووحانییەت، لەو گەمارۆیانە قازانجی زۆریان کرد و لەژێرناوی دەوردانەوەی گەمارۆکان، ملیاردها دۆلاریان تاڵان کرد. لەئێستاشدا لەگەڵ بۆمبارانی قورسی ناوەندە سەرەکییەکانی پیتاندنی ئۆرانیۆم واتە نەتەنز، فۆردۆ و ئیسفەهان، پڕۆژەی ئەتۆمی، وەک دووهەمین بناغەی ستراتێژی مانەوەی حکوومەتی ئیسلامی هاوشێوەی ڕێکخستنی هێزەکانی "میحوەری موقاومەت" وەک بەشێک لە ستراتێژی "شەڕی پێشگیرانە"، دادەڕمێت. سەرانی حکوومەتی ئیسلامی کە هەر یەک لە پەناگایەکدا خۆیان شاردووەتەوە، لە بەرامبەر هێرشی ترامپ بۆسەر دامەزراوە ئەتۆمییەکان بێجگەلە درۆودەلەسە و هەڵیت و پڵیت کارێکیان لەدەست نایێت. مەگەر ئەوەیکە هەروەک هێرشێک کە لە تۆڵەی قاسمی سولەیمانیدا ئەنجامیان دا، لە هاوئاهەنگی لەگەڵ خودی ئەمریکاییەکان پایەگایەکی نیزامی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مووشەکباران بکەن. لەلایەکی دیکەوە دەوڵەتەکانی بەڕواڵەت هاوپەیمانی ڕژیم، واتە چین و ڕووسیە هەتا ئێستا بێجگەلە دەربڕینی ناڕەزایەتی لەئاست هێرشی ئەمریکا، هیچ هاوکارییەکی ڕژیمیان نەکردووە

لە وەها بارودۆخێکدا دەوڵەتی ئەمریکا لە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئیسرائیل، حکوومەتی ئیسلامی خستووەتە سەر دووڕێیانی گەڕانەوە بۆ گفتوگۆکان یان هێرشی قورستری نیزامی. واقعییەت ئەوەیە کە لە وەها هاوسەنگییەکی یەکجار نابەرابەردا، گفتوگۆی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا ناکرێ ناوی دانوستانی لەسەردا بنێی. بەڵکوو ئەمە تەسلیمی یەک لایەنی شەڕ و قبووڵ کردنی هەموو مەرجەکانی لایەنی بەرامبەرە و کۆماری ئیسلامی بە ئیحتمالی زۆر ناچار بە قبووڵکردنی گفتۆگۆ دەبێت. لەوانەیە بابەتی گفتوگۆکانی ئەمجارەی ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نەک مەسەلەی ئەتۆمی، بەڵکوو لەناوبردنی دامەزراوە مووشەکی و توونێلەکان دەبێت کە فەرماندەکانی سپای پاسداران وەک کارتێک لە دانوستانەکانی پێشوودا لە تەلەڤیزیۆنەکانیاندا خۆیان پێ هەڵدەکێشا. ڕاگرتنی کۆمەک و پشتیوانی کۆماری ئیسلامی لە پاشماوەی ئەو گرووپانە دەبێت کە ساڵەهایە لەژێرناوی "میحوەری موقاومەت" لە ناوچەکە خەریکی زۆروێژی و باج وەرگرتنن. بەمجۆرە کۆماری ئیسلامی شتێکی بۆ مانۆڕدان بۆ نامێنێتەوە و بەتەواو مانا سەر بە ژێر دەبێت. ئەمریکا هەتا ئێستا ڕایگەیاندووە کە هێرشەکەی بۆسەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ڕژیم بەمانای ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی نییە و بەتەمای ڕووخاندنی ڕژیم نییە

ئێستا لەگەڵ تێپەڕینی ١٢ ڕۆژ لە شەڕی کۆنەپەرستانەی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی توانا نیزامییەکانی ئێران یەکجار زیانی بەرکەوتووە و لاواز بووە. زیانی گیانی زۆر بەر ڕێبەری سپای پاسداران کەوتووە و زۆرێک لە ناوەند و بنکە و دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکانی حکوومەتی ئیسلامی وێران بوون. هەڵبەت خەڵکی ستەملێکراوی ئێرانیش لە ئەنجامی بۆردومانەکانی حکوومەتی شەڕخوازی ئیسرائیلدا، زیانی دارایی و مرۆیی گەورەیان بەرکەوتووە. لە وەها هەلومەرجێکدا ڕژیمی داماوی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای کەناڵی جۆراوجۆرەوە هەوڵی بەدیهێنانی ئاگربەستی لەگەڵ حکوومەتی ئیسرائیل داوە و ئامادەیە لە هاوسەنگییەکی زۆر نایەکسانی هێزدا دانوستان بکات و ئیمتیاز بدات

بەڵام تەمەنی کۆماری ئیسلامی ڕوو لە کۆتاییە. دوژمنی سەرەکی ئەم حکوومەتە گەندەڵ و جینایەتکارە نەک ئەمریکا و ئیسرائیل بەڵکوو جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشن کە ساڵەهایە لەلایەن ڕژیمی ئیسلامی سەرمایەوە هێرشیان کراوەتە سەر، ژیان و گوزەرانیان کەوتووەتە مەترسییەوە. شەڕی کۆنەپەرستانە و تاوانکارانەی کۆماری ئیسلامی و ئیسرائیل لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی، هیچ پەیوەندییەکی بە بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگاوە نییە. نابێ ڕێگە بدەین شەڕ، مانگرتن و ناڕەزایەتی و خەباتی ڕۆژانەی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی ئێستا بخاتە پەراوێزەوە. چینی کرێکار و توێژە بەشمەینەتەکانی دیکەی کۆمەڵگا و خەڵکی ئازادیخواز بۆ ڕزگاری لە مەترسی ئەم شەڕە و بۆ تێپەڕین لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی، دەبێ بە پەرەپێدانی ڕیزی ڕێکخراوی خۆیان و بە هەوڵ بۆ پێکهێنانی ڕێبەری سەرتاسەری، خۆیان بۆ وەڕێخستنی ڕاپەڕینی جەماوەری و بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی ئامادە بکەن.

❊❊❊

## ڕاگەیاندنی کۆتایی سێهەمین کۆنفڕانسی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

کۆنفڕانسی ٣ی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیسەکانی کوردستان لە ڕۆژانی ٧ و ٨ی مانگی پووشپەڕی ١٤٠٤ی هەتاوی بەرابەر لەگەڵ ٢٨ و ٢٩ی مانگی ژوئەنی ٢٠٢٥ بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ و ڕێزگرتن لە یادی گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم لە شاری ستۆکهۆڵم دەستیپێکرد

ئەم کۆنفڕانسە لە بارودۆخێکدا بەڕێوەچوو کە ئاکامەکانی شەڕی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی، کۆمەڵگای ئێرانی خستووەتە بەردەم ئاڵوگۆڕی چارەنووسسازەوە. ئەو ئاڵوگۆڕەی کە هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان پێویستە بۆ کاریگەری دانان لەسەری، خۆیانی بۆ ئامادە بکەن

لەم کۆنفڕانسە دوو ڕۆژەیەدا کە بە بەشداری نزیک بە ١٠٠ کەس بەڕێوەچوو، سەرجەم دەستووری جەلەسەکان درانە بەر باس و لێکۆڵینەوە و بڕیاریان لەسەر درا. ڕاپۆرتی کاری کۆنفڕانس و هەروەها هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانی نێوان کۆنفڕانسی دووهەم و سێهەم دەستووری یەکەمی کۆنفڕانس بوو کە تێیدا بەشداربووان وێڕای جەخت کردنەوە لەسەر گرینگی پێگەی شۆرا و پەسندکردنی چالاکییەکانی هەتا ئێستای، ئاماژەیان بە کەموکوڕییەکانی کاری شۆرا کرد و پێشنیارەکانی خۆیان بۆ گەشەپێدانی شۆرا و بۆ سەرەنجدان بە کار لە کۆمەڵگای کوردستان و بۆ کۆمەک بە تەقویەتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پێشکەش کرد

کۆنفڕانس هەروەها کولیەتی بەیاننامەیەکی سیاسی پەسند کرد کە تێیدا وێڕای سەرنجدان بە بارودۆخی هەستیار و وەرچەرخاوی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان، چەندین ئەرکی دیاریکراوی سەبارەت بە بارودۆخی ئێستا بۆ دەورەی داهاتوو دەستنیشان کرد کە شۆرا دەبێ بەجێیان بێنێت. باسی بانگەشە و تەبلیغی فەرهەنگی شۆرایی لە هەموو ئاستەکان و جێخستنی چۆنیەتی دەسەڵاتداریەتی شۆرایی لە کوردستان یەکێک لە دەستوورەکانی کۆنفڕانس بوو کە لەلایەن بەشداربووانەوە تەئکیدی لەسەر کرا. هەروەها پێشنیاری ڕێکخستنی چەند فۆنکسیۆنێک لە پەیوەند لەگەڵ چالاکی لەناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا درایە بەرباس و لێکۆڵینەوە و بڕیار درا لە پەیوەند لەگەڵ پێکهێنانی کۆمیتەگەلێک لەم بوارەدا لە قۆناغی داهاتوودا هەوڵ بدات.

کۆنفڕاس هەروەها، هەیئەتی هاوئاهەنگی هەڵبژێردراوی خۆی ئەرکدار کرد کە چەندین پەیام لە دیفاع لە زیندانیانی سیاسی و هەروەها ئیعتراز دژبە جینۆسایدی خەڵکی فەلەستین ئامادە بکات و بڵاوی بکاتەوە

کۆنفڕانس لە کۆتایی کاری خۆیدا ٧ کەس لە ١٢ کەسی ئەندامانی هەیئەتی هاوئاهەنگی دەوری داهاتووی لە ناو هاوڕێیانی سەربەخۆی شۆرادا هەڵبژارد کە بریتین لە هاوڕێیان: "محەممەد ئەرانی، شیوا سوبحانی، خالید عەلی پەنا، پڕشنگ بەهرامی، محەممەد وەلەدی و مریەم سوڵتانی. هەروەها هاوڕێ محەممەد عوزەیریش وەک ئەندامی جێگرەوە هەڵبژێردرا

کۆمیتەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری - حێکمەتیست، کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) و ڕێکخراوی کوردستانی ئیتحادی سۆسیالیستی کرێکاری لە داهاتوودا ٦ کەس، واتە لە هەر حیزب ٢ کەس، وەک هەیئەتی خۆیان بە هەیئەتی هاوئاهەنگی دەناسێنن. کۆنفڕانس، دوای دوو ڕۆژ باس و گفتوگۆی چڕ و هیوابەخش، بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ کۆتایی بە کاری خۆی هێنا

**هەیئەتی هاوئاهەنگی شۆرای هاوکاریی**

**هێزە چەپ و کۆمۆنیسەکانی کوردستان**

١١ی پووشپەڕی ١٤٠٤ی هەتاوی

٢ی جولای ٢٠٢٥ی زایینی

❊❊❊

# شێعر

## بە سەر کام جەنازەدا دەگری؟

بـە سـەر کام جەنـازەدا دەگـری ئـەم سـازە؟

بـە سـەر کام مـردووی شـاراوەدا دەگـرێ،

ئەم سازە بێ وەختە؟

لە کام ئەشکەوت

بـە سـەر کام مێـژوودا شـیوەن دەکا

ئـەم پەنجـەی نەزانینـە؟

لـێ گـەڕێ بـا هـەستن خەڵکانـی لێـو بـە بـار!

لێ گەڕێ با هەستن!

ئێجـگار تاڵـە شـیوەن بـە سـەر با خچـە د

بە سەر کانیەکی ڕوون و زوڵاڵ.

ئێجگار تاڵە شیوەن بە سەر زاییـنی شـکۆفەد

شیوەن بە سەر خێمەی بەرزی

کەشتی بەر بای نەسیم.

ئێجگار تاڵە شیوەن بە سەر

سپیداری بەرزە باڵادا و

لـە سـەرجۆگەلە ئـاوی بـە ڕەنگـی ئاسمانـی ماسـی و بـا

ئەم ستایشگەری نابووتیە چ دەکا؟

موتربی گۆڕخانە لە شار چ دەکا

لە ژێر دەربیجەکانی بێ تاوانیدا؟

لـێ گـەڕێ بـا هـەستن خەڵکانـی لێـو بـە بـار!

لێ گەڕێ با هەستن!

ن: " شاملو "

و: "م. ک "

***




**کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :**

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

پێشـــــــــڕەو
ئۆرگــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات
representation.of.komala@gmail.com

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب

international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧